یادنامە
YADNAMA

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.

یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیاز
سەرکەوتی جیهاز
دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەممەد ئالانی

ژمارەی ٥٨ی ئازار ٢٠٢٤ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.58.March2024

# هەڵەبجە و خوێندنەوەیەکی تر


**یادنامە**

نەتەوە و دەوڵەتەکانی تری دنیا کارەساتە گەورەکان (کە بونەتە ڕای گشتی دنیا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەنجامدەرانی ) دەکەنە کارت و بنەمایەک بۆ دروستکردنی دەوڵەت و پێگەی نەتەوەیی لەسەر ئاستی ڕێکخراوە جیهانیەکان و هاوپەیمانیەتە بەهێزەکانی دنیا ، بە نمونەی هۆلۆکۆست و دەیان نمونەی تر ، ئەوەی جێگەی هەڵویست لەسەر کردنە کورد لە باشورخاوەنی سێ دۆسیەی گرنگی جیهانیە و جیهان وەک تاوان بەرامبەر بەنەتەوەیەک دەیبینن ، ئەوانیش کارەساتەکانی ( هەڵەبجە و ئەنفال و کۆڕەو ) کە ئەگەر ئەم سێ دۆسیە هی نەتەوەیەکی تر بوایە ئێستە وێنەیەکی تری دەبو ، کورد ئەگەر کاری لەسەر بکردایە و لۆبی جیهانی بۆدروست بکرایە و جیهانیەن بە کارەساتی فەرمی بناسرایە ئێستە دەتوانرا ئەنجامی گەورەی بەدەست بهێنایە ، بە تایبەت بۆ گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت ، کێشەکە لەوەدایە دۆسیەی نەتەوەیەک وڵاتە زلهێزەکانی ناوچە دژی یەک دەیکەن بە کارت بۆ بەرژەوەندی خۆیان ، بەڵام کورد خۆی نەیتوانیوە هیچ سودێکی ئەوتۆی لێببینێ و بیکاتە بناغەیەک بۆ دەوڵەت و بیکاتە دروشمێکی جیهانی مرۆیی و سیاسی ، هەڵەبجە دەبێت لەوە دەربچێت لە بۆنەیەکی هەفتەیی یان یەک ڕۆژیدا بچوک بکرێتەوە ، دەبێت وەک سێ کەیس و هەڵەبجە بە تایبەت کاری نێودەوڵەتی و گەورەی لەسەر بکرێت ، نەک هەر هەڵەبجەیەکان بەڵکو مرۆڤ بە گشتی کورد وەک نەتەوە لەهەر چوارپارچەکە سودی دەوڵەتداری کوردی لێببینرێت ، لە یادی هەڵەبجەدا دەکرێ ڕوی پرسیار لە بەرپرسان بکەین ، ئایا دوای ٣٦ ساڵ لەو کارەساتە چی کراوە بۆ بە جیهانی کردنی دۆسەی هەڵەبجە..؟؟

## "جەژنێک"

هەوری لای ئێمە لە هەوری
هیچ ئاسمانێکی تر ناچێ،
کە دائەکات و ئەبارێ
لە چوار لاوە ئاوی چاوانی ئەدزرێ.
خاکی ئێمە لە هیچ خاکێکی تر ناچێ،
خۆی یەک دڵە و هەموو ڕۆژێ بە چوار خاجدا دائەکوترێ.
دایکی ئێمە لە هیچ دایکێکی تر ناچێ
لەیەک ساتدا سکی ئەو چوار جار ئەسوتێ.
یەک کەسمان چوار جار ئەکوژرێ.
بۆیە ڕۆژێ لەئاهەنگی
ئەم خوێنەدا
چوار جەژن ئەکەین بە جەژنێ!

شێرکۆ بێکەس



بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل٢
لە بەیانی یانزەی ئازارەوە بۆ بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵی ... ل٣
شەوچەرەی مریەم لە وێڵگەی یادەکانمدا ... ل٤
چیرۆکی پرۆفیسۆرە برسیەکە ... ل٥
مووچە و داهات و خەرجیی دووەم حوکمداریی کوردستان ... ل٦
گوڵەکانی (ڤلادیمیر ماياكۆڤسكی) ... ل٨
گۆستاڤ لۆبۆن و خوێندن و مۆتەکەی لەبەرکردن ... ل٩
چێژی سەرکەوتن و وانەی شکست ... ل١١
زیندانکردنی چرایەک، لەباوەشی براکانیدا ... ل١٢
جوانترین ئەو شیعرانەی بۆ نەورۆز گوتراون ... ل١٣
ئەشرەف موسا ئەیوبی ... ل١٥



# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی مێژوو،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان.

نەمر گەشمردە هەڵۆکەی سورکێو ، بەورەکەی گمۆ کاکە حەمە سورەبانی پێشمەرگەیەکی قارەمان و تێکۆشەرێکی نمونەیی ،ئەفسانەیەک لە خۆڕاگری و پێشمەرگە لە تیپەکانی ٣١ پێنجوێن و ٣٣ ی سلێمانی و ٣٧ ی شارباژێڕو دوا جار فەرماندەی کەرت لەتیپی پارێزگاری ، کاکە حەمە قارەمانێک بوو لە ڕووبەڕوو بونەوەو سەنگەرگری ،لەهەر شەڕێکدا بوبێت شوین پەنجەی دیار بووە دوای چەندین بریندار بوون بەسەختی ، بەداخەوە لە ١٧ لەسەر ١٨ /١٩٨٧/٠٣ لە بناری گمۆ لەپشتی گۆرانگاو گردەزبێر چووە کاروانی نەمرانەوە هەزار یادی بەخێر هەرگیز لەبیرت ناکەم هاوڕێ و براو کەسەکەم ئەم شیعرەش پێشکەش بە گیانی پاکی /ڕزگارەسوور

تۆ لەلامی
لەگەڵ هەموو بارانێکا
بۆنی خاکی
نازی نێرگزی بەهارو
کزەی شاخ و
خورەی جۆگەو
سۆزی چەم و
عەشقی باخی
بۆ کوێ ئەرۆی
ڕێ هەنگاوتی هەڵگرتووە
کێو جامانەو
ڕێواس بۆنی پوزەوانەو
کانیش قوم قوم
ئەتخواتەوە
بۆ کوێ ئەرۆی
دڵە شێتەکەی سورەبان
هەڵۆکەی سەر شاخی گمۆ
ئەشکی نەسراوی کاک ڕەحمان
تەزبیحە دەنک دەنکەکەی
ناو دەستی پوورە خورشە گیان
بۆ کوێ ئەرۆی
ئەی حەمە گیان

.................................

ڕزگارەسوور




ڕووسوورەکانی مێژوو،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان.

نەمر گەشمردە کاکی کاکان کاکە حەمەی حاجی سەعید / ناسراو بە حەمە ڕەشاش. کاکە حەمە پێشمەرگەیەکی بە دیسپلین و جوان کردارو جوان گفتارو جوان ڕەفتار ،نمونە بۆ هەموو جوانیەکانی ژیان قارەمانێکی ئەفسانەیی ،لەدایک بووی سەرسیر /چوارتا یەکێک لە حەلقە ڕێکخستنەکانی ناو شارۆچکەی چوارتا ساڵی ١٩٧٩ ،ساڵی ١٩٨١ دوای ئەنجام دانی کارێک ئاشکرا بووەو بووە بە پێشمەرگە سەرەتا لە مەکتەب عەسکەری دوایی تیپی ٣٣ ی سلێمانی و دواتر تیپی ٥٧ سەگرمەو دوای ئەوەش لەکەرتی ڕێکخستنی چوارتا لە تیپی ٣٧ ی شارباژێر ، دواتریش هەنگاو هەنگاو بووە بەفەرماندەی کەرتی یەک و دوای ئەوەش لەهەمان تیپ بووە جێگری فەرماندەی تیپ ،لەکارو چالاکی یەکانیدا کەم وێنەو سەرمەشق و ئازاو خۆڕاگر بووە لەزۆربەی شەڕەکانی شارباژێردا بەشدارو سەرپەرشتکار بووە، لەژیانی پێشمەرگایەتی زیاتر لە حەوت جار بریندار بووە ،کۆتا جار لەنزیک هەڵەبجە لەهاوار گوللەی فاس تاقی دەکاتەوە لەبەر دەمی خۆیدا دەتەقێتەوە برینێکی بچوک ئەکەوتە سەر ورگی لێی دەکات بەخوێن بەربونی ناوسک .نەزیف داخلی /لەبەر کەم ئەزمونی دەبێتە هۆی گەشمردە بوونی لە ١٩٨٨/٠٣/١٦ دەچیتە کاروانی نەمرانەوە،هەزار یادت بەخێر هاوڕێی منداڵی و تا دوا نەفەس قەد بیرت ناکەم درووود گەورەم سەرورەم/ڕزگارەسوور

هاوڕێم حەمە
کە شەوەزەنگ
کانی بناری کوێر ئەکرد
تۆ هەگبەت پڕ لەتریفەو
نارنجۆکت پڕ لەگرمەو
هەنگاوت پڕ لەسەرکەوتن
شەو خەواڵو
بەقرمەیەک دادئەجڵەکان
تاریکی وێڵ
چرای بیرت دائەگیرسان
هاوڕێم حەمە
قامیشەڵانێ گڕی گرد
چەند بتهۆڤن....قالەمەرەی
لەشەپۆلی گڕا سووتان
چەند شمشاڵی پەنچە نەدیوو
بوونە سووتماک
دارستانێکیان داپاچی
چەند سمۆرە......
چەند کوکوختی......
چەند مێرووله..........
چەند مارمێلکە...........
.......بەبێ لانە...............
چۆلەکەکان
بەدەم یەکا ئەرشانەوە
ماچ گڕی گرد
پەپولەکان
پەرەی گوڵیان ئەلستەوە
باڵیان کردن
هەنگ لەعەشقی
لێو مژینی
خونچەگوڵا
دەمی لێکنا
باڵ و .......گەڵا
بوون بە کفن و
دایان بەسەر
لاشەی یەکا
گوڵ فرمێسکی
لەچاو تکا
بوو بە تکا
هاواری کرد
من عەتری نازی کەروێشکەو
زوڵفی لوولی دارستان و
سەوزە گیا بووم
ئێستا خەردەل
لەسەر پەڕەو چرۆم ئەتکێ
هەنگەزەردە
شیلەی مەمکی وەنەوشەیەک
لەدەم نانێ و
جارێکی تر حەیران لاوک
بۆ شۆڕەبی و جۆگە ناڵێ
هارێم حەمە
ئەو ڕۆژانەی
دارەبەنیان چاو بەست کردو
سنەوبەریان گڕ تێبەردا
دارگوێزەکانیان داتاشی
بۆ خەنە کردنی بوکیان
کانیاویان پڕ لەتێزاب کرد
شار باخی قووە خاسە بوو
دایکان ڕەشپۆش
سنگیان بارانی چەپۆک و
چاویان کانیاوی فرمێسک و
زوڵفیان گسکی
ڕێگەی ئەمن و ژاندرمە بوو
کچان...لاوان ...بووکی تازە یەکشەوەمان
خانوو...پارە...جزدان....گیرفان....
چیا ....دەربەند....پێدەشت....ڕووبار.....
ماروو مێروو............
هەموو ڕۆحێکی ئەم خاکە
هەموو بستێکی کوردوستان
چەندین داستان و.....چیرۆک و
هێرۆشیمان......
هاوڕێم حەمە
کەخوێنت بوو بەسیروان و
تاڤگەی عەشقی
لەسەر دوندی نەمریتا بەست
دارستانێ قژی ڕنی و
گوڵاڵە سوورەی چاو بەکل
شەونمی فرمێسکی باران
گمۆ بەفراوی سەرلووتکەی
بوو بەسوورمەو
بەسەر کوڵمیا
هێواش خزی
بوو بەچۆگەو....
بوو بە ڕووبار.......
بوو بە دەریا..........
لەکۆنسێرتی ئۆقیانوسا
بوو بە سەفەر ....لاوک و حەیران
هەڵۆ ئەڵێت
ئەمە سروودی عەشقی بەفرەو
لەسەر دەمی بووکی دەریان
هاوڕێم حەمە
کەتۆ ڕۆیشتیت
چاوی هەڵەبجەم کوێر نەبوو
هێشتا ڕیشۆڵەی مرواری
دار تێلەکان
بەگەردنی شارەوە بوون
خاتوو خاوەر
سنگی بۆ عوومەر نەکوتابوو
مانگ گۆچان و
ڕووناکی ڕێگەی پێشمەرگەو
ڕەوتی شاخ بوو
هاوڕێم حەمە
کەتۆ ڕۆیشتیت
سەدو هەشتاو دوو هەزار گوڵ
لە ئینچانەی زیلا نەبوون
حەبیبە خان ....خاتوو عەنبەر
لە عوکاسا چاوەڕوانی
کڕیار نەبوون
تۆ نەتبینی
کەڵەکانی بالیسان و
مامرەکانی بادینانم
بە عەینەک و گۆچانەوە
چۆن ڕەو ئەکەن
تۆ نەتبینی
دەشتی گەرمیان
نەک بێ بەشەر
بێ مێرووله
بوو بەقەقنەس
تۆ نەتبینی
خاسەو ...قەڵاو ...پردی دەلال
لەسێکوچکەی بەعسیاندا
لەسەیوانەکەم ئەگەران
هاوڕێم حەمە
جارێک سەرابی ناودەمی
شۆڕەکچێک
دوادەماری سڕنەکردی
پەنچەکانت
بۆسەر کێوی بورکانی شیر
سەرنەکەوتن
لووتکەی پر لە هەنگوین بگرن
جارێک هەناسەت پڕنەکرد
لەبۆنی ڕەیحانەی باخەڵ
جارێک لەژێرنمەی ماچا
خۆزگەت نەبووە دەستی دوعا
بەرەو ڕووی خوا
هاوڕێم حەمە
بیرم ناچێ
کەپێت ووتم
/من ئەمزانی ،هەر ئەم خاکە
لەشکری عەشقی زۆردارە
وا ئێستاکە
دڵم بۆتە
بنکەی عەشقی
گوڵەخانم
خۆزگە جارێک .......تاقەجارێک
لەئاسمانی ئازادیدا
باسکم ئەکرد بەسەرینی و
بێشکەم لەگەڵ رائەژەنی

.................................

.........................................

ڕزگارەسوور



# لە بەیانی یانزەی ئازارەوە بۆ بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵی

## سەرکەوتی جیهاز و بەختیار نامیق

کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت و بێ کیانێکی سیاسی لە مێژەوە تا ئێستا نەیتوانیوە هەم یاریچیەکی ناو ساحەی بەریەککەوتن و جەنگەکان و ململانێکان بێت و هەم کەوتوەتە بەردەم غەدری وڵاتە زلهێزەکان و نەیتوانیوە قۆناغەکانی مێژوو وەک خۆی ببڕێت ، بە مانایەکی تر لەسەردەمی خێڵی گەورە و تیرەکاندا نەیتوانیوە پێکهاتەی خێڵی هەبێت بەرامبەر بە خێڵەکانی تر بوەستێتەوە ، پاشان لە قۆناغی ئیمپراتۆرەکاندا دیسانەوە نەیتوانیوە ببێت بە ئیمپراتۆرێک یان بەشێکی کاریگەر لە ئیمپراتۆرە گەورەکان،لە قۆناغی ڕزگاری نەتەوەکان و ناسیونالیزمدا نەیتوانیوە بە یەک پاکێج ئامادەی قۆناغی ڕزگاری نەتەوەکان بێت و ببێتە یاریچی یەکی باشی ئەم قۆناغە و بونی خۆی لەناو هاوکێشەی بەریەککەوتن و ململانێکان و هاوپەیمانیە ئابوری و سەربازی و ئایدۆلۆژیاکاندا بسەلمێنێ ، ئەم نەتوانینە هۆکاری زۆرە کە دەکرێ بە هۆکاری سەرەکی و هۆکاری لاوەکی پۆلێن بکرێت ، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان یەکێتی ناو ماڵی کورد بوە ، کە ئەمە بابەتێکە دەکرێت خوێندنەوەیەکی زانستی بۆ بکرێت ، کورد بەم هۆکارانە دابەش بوە بەسەر چوار پارچەی سەرەکیدا هەر یەکەیان لە ژێر ڕەحمی وڵاتێکی دژەکوردایە ، کە ئەگەر فارس و تورک و عەرەب لە سەر زۆر دۆسیە ناکۆک بوبێتن تا ڕادەی جەنگیش ، ئەوا کە هاتوەتە سەر دۆسیەی کورد هاوبەرژەوەندی بون نەیان هێشتوە کورد هیچ پێگەیەکی هەبوبێ ، خۆ ئەگەر ئەمە بە پیلانی نەعلەتی سایکس بیکۆ یان سیڤەر و لۆزان بزانین ئەوا بۆ خۆی دووبەرەکی ناو ماڵی کورد هۆکارە سەرەکییەکە بوە ، لێرەوە کاتێک کورد بۆشاییەکی سیاسی و مێژووی بۆ دروست بوە شانسی دەرکەوتنی هەبوە هەر لە میرنشینەکانەوە تا ئێستا بەڵام لەبەر دابەشبونی کورد بەسەر جەمسەرەکانی هێزدا نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵە بگێڕێ کە قۆناغەکە بۆ کورد پێویستی پێی هەبوە .

لە باشوری کوردستاندا لە چاو پارچەکانی تردا کورد بۆشایی و هەلی مێژووی زێڕینی بۆ هەڵکەوتوە دیسانەوە وەک دەڵێن کورد مەحکومە بە دوبارەبونەوەی مێژوو هەمان هەڵەی ستراتیژی گەورەی کردوە ، بە شێوەیەک ، تاک سەرکردە نەبوە ، کورد بە یەک پاکێج داخڵی یاریەکان نەبوە بەڵکو بوە بە دوو یان سێ پارچە و دژی یەک بونەتە کارتی دەستی دوژمنەکانی خۆی ،




لێرەوە ئەگەر سەیری ئەمڕۆی بڕیارەکانی دادگای فیدڕالی بکەین و سەیری دەستکەوتەکانی ئێستای کوردی باشور بکەین بەراوردکاریەکی زانستی بکەین ئەوا کورد نەیتوانیوە دەستکەوتەکانی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ تێپەڕێنێ لەوەش خراپتر وەک خاک هەمان ئۆتۆنۆمی کارتۆنیە کە حکومەتی بەعس دروستی کردبو، بگرە کەزۆر کەمتریش ،

ئێستای داگای فیدڕاڵی ئەگەر چی لە ژێر حکومی تاراندایە بەڵام دواجار ناوەندچێتی تۆختر دەبێتەوە کە دەکاتە ئەوەی بڵێین ئایا لەم ناوەندچێتیەدا کە دەکاتە دەستوری عێراقی پێگەی کورد وەک نەتەوەیەکی سەرەکی عێراقی چی ماف و ڕۆڵێکی دەبێت ، بە مانایەکی تر ئەوەی پێی دەوترا ئابوری سەربەخۆ یان دەوڵەتی کوردی لە دوای قۆناغی ڕیفراندۆمەکەوە کۆ دەنگی و کۆ یەکناگیری دەوڵەتە زلهێزەکانی ناوچەیی دژە کورد هەیە بۆ ئەوەی هەرێم تەواو لاواز بکرێت تا ئاستی ئۆتۆنۆمی بە کارتۆنیش فیدڕاڵی و هەر چوار دەستەڵاتە گەورەکەی هەرێمیش هەمان کۆپی مەجلیسی تەنفیزی و مەجلیسی تەشریعی حکومەتی عێراقی بێت .

خۆ ئەگەر لە ١١ی ئازاردا کورد توانیبێتی تا ئاستێک بگات بە مافە سەرەتاییەکانی ئەوا بە بەراورد بە ئێستا کە کورد لە ڕوی خاک و پێگەی ناوەند و ئابوری هەتا سیاسی و دبلۆماسیشەوە زۆر گەڕاوەتەوە دواوە ، دادگای فیدڕاڵی ڕۆڵی پاشەکشەی کورد دەگێڕێت بۆ ناو چوارگۆشەی یەکەم کە لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستانی باشور جۆرێک لە پێشوازی هەیە بۆ بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵی کە هۆکارەکەی بەرهەمەکانی دەستەڵاتی کوردیە کە زیاتر خێڵەکین و نەیان توانیوە دامەزراوەییان هەبێت و سیستەم هەبێت تا تاکی کورد هەست بکات لە سایەی ئەم دەستەڵاتە خاوەنی ماف و ئەرکی خۆیەتی

خۆ ئەگەر لە ١١ی ئازاردا وەفدی کوردی ئەوەی کە دڵسۆز بوە کاری لەسەر دەستوری عێراقی کردبێت ڕێککەوتنەکەیان بە ٢٢ بڕگە نوسی بێت و ١٥ یان ئاشکراو ٧ یان نهێنی ئەوا د.مەحمود سۆرانی ڕۆڵی گرنگی بینیوە ئەگەر چی مەلا مستەفا هەم سەرۆکی پارتی بوە هەم واژۆی ڕێککەوتنەکەی کردوە بەڵام وەفدەکە خەڵکانێک بون شارەزا و ڕۆڵی گرنگیان هەبوە،دوای ٥٤ ساڵ لە ئێستادا داگای فیدڕاڵی رۆڵی گەڕانەوە بۆ ڕێکەوتنی ١٩٧٤ دەبینێ کورد بیەوێ و نەیەوێ ناتوانێ بەرامبەر بە ناوەندگیری هیچ بکات ، چونکە سەرکردایەتی کوردی فاشیل بون لە ئیدارەی ناوخۆیی و یاری چێتی لەسەر ئاستی دەرەکی ، تاکە کارتێک دوای دۆڕاندنی کورد لە باشور مافەکانی کوردە لە دەستوردا ، ئەمە جگە لەوەی کە دانوستانەکانی بەرەی کوردستانی و ناوەند تەواو فاشیل بو ، واتا دەستور تاکە هێز و کارتە کە کورد پشتی پێ ببەستێت و ڕوبەڕوی دادگای فیدڕاڵی ببێتەوە ، لێرەوە ڕۆڵ و پێشبینی تاکە سەرکردەیەک دەردەکەوێت کە چۆن لە دوای ڕوخاندنی سەدامەوە دەرکی بەوە کردوە کە کورد تاکە هێزێکی گەورەی هەبێت هێز وکارتی دەستورە ، ئەویش نەوشیروان مستەفا بوە کە یەکێک بوە لە وەفدی دانوستکاران و ڕۆڵی سەرۆکی وەفدەکەی بینیوە و کاری زۆر گەورەی لەسەر مافەکانی کورد کردوە لە دەستوری عێراقی داوی سەدامدا ، لە گەڵ هاوڕێکانی ،ئەوەی ئێستە هەر باس ناکرێت و سەرکردایەتی کوردی وەک تاکە پەناگایەک بۆ مافەکان بەکاری دێنن دەستکەوتی نەوشیروان مستەفا و تیمی نوسینەوەی دەستوری عێراق و هاوڕێکانی بوە ، کە پێشبینی ئەمڕۆی ئابوری و سیاسی و جوگرافی و دەکرد و وەک پاشخانێکی بەهێز بۆ ئەمڕۆ کاری لەسەر کرد.

لە کۆتایدا کورد تا ئێستا لە ناو بازنەی ١١ی ئازاردا دەخولێتەوە ، ئەوەی ماوەتەوە دوای شکستی دەستەڵاتی کوردی مافەکانی کوردی باشورە لە دەستوردا ، کە دەتوانین بڵێین کارئەکتەری سیاسی سەرەکی نەوشیروان مستەفا و تیمی نوسینەوەی دەستوری عێراق و هاوڕێکانی بوە .

# شەوچەرەی مریەم لە وێڵگەی یادەکانمدا

ن : ڕاز ئەسعەد

ناوێک لە هەموو زمانە کەوناراکاندا یەک واتای هەیە، وەلێ گۆکردنەکان جیاوازن، مریەم بە سریانی و ئارامی، میریام بە عیبری کۆن، ماریا بە لاتینی، ڕەنگە سەرچاوەکەشی لای میسرییە کۆنەکانەوە هاتبێت کاتێک وتوویانە میریتامین ئاموون، واتە خۆشەویستی ئاموون، ناوێک لە نێو نەتەوە دێرینەکاندا بۆ ئاماژەی خۆشەویستی بەکارهاتووە.

کاتێک ڕۆحلقودس ویستی نەسڵی خوداوەند لە سەر زەوی بەرجەستە بکات، هەناوی مریەمی کردە کێڵگەی سروشبەخشی ئیلاهی و مریەمی وەک پاکیزەترین دایک هەڵبژارد تا یەسوع بێنێتە بوون و لەوێوە بانگی حەق بدات بە گوێی ستەمکاراندا.

هەر لە خۆڕا نییە لە قورئانی پیرۆزدا مریەم تاکە ناوی ژنە، کە خودای پەروەردگار ناوی دەهێنێت، ئەوە ئەوپەڕی گەورەییە بۆ کچانی ئالی عومران، کە سی و سێ جار لەسەر زمانی پەروەردگارەوە و لە دوازدە سورەتدا ئاماژە بە مریەم دەدرێت و دەبێتە یەکەمین و دواهەمین ژن کە لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هاتبێت.

لەوساوە مریەم بۆتە وێردی سەر زمان و ناوێکە لە هەموو ناوەکانی دیکە زیاتر لە نێو سەرجەم زمانەکاندا وتراوەتەوە، ناوێکە کۆن نابێت و زۆرترین کچ لە نێو نەتەوە جیاوازەکاندا و بە جیاوازی ئایین و مەزهەبەوە، بەم ناوەوە ناو نراون.

مریەم هێمایە بۆ پاکیزەیی، هێمایە بۆ پاکمەندی و پیرۆزی، هێمایە بۆ وەفا و دڵسۆزی، هێمایە بۆ بێگەردی و ئەمەک، هێمایە بۆ سۆزی باڵەفرەی ئاسمانەکان و درەوشانەوەی ڕۆحلقودس، ئەی مریەمەکەی من لە کوێی ئەم وەسفانەدایە؟

مریەمەکەی من، لە نێو ملیۆنان مریەمدا تێکەڵی ڕۆحم بوو، مریەمێکی ئاسایی نەبوو، هەستم دەکرد بە تەسبیحە دەنک ترێییەکەیەوە لە نێو سەردەمە کۆنەکانەوە هاتوەتەوە، تا ڕۆچێتە ناخمەوە و وانە کەهنوتیەکانم پێبڵێتەوە، ئەو مامۆستایەکی کەزی سپیبوو، ڕێگای ڕۆشندەکردمەوە.

مریەمەکەی من، لە سەرەتای ساڵەکانی تەمەنمدا، وەک مۆم گرا، هاتە نێو دڵ و سنگمەوە، فێریکردم ژیان گۆڕانییە، هەموو کەس دەیڵێتەوە، بەڵام کەمن ئەوانەی بە سەری بەرزەوە دەڕۆنەوە بۆ دیداری ئەفرێنەری ئاسمانەکان.

مریەمەکەی من، واعیزێکی سەنگین بوو، فێریکردم لە هیچ بارێکدا درۆ نەکەم، پێیوتم سەرچاوەی دڵخۆشییەکانم بە کەس نەڵێم، سەختیەکانی ژیانی خۆی نیشاندام، تا بەرگەی سەختیەکان بگرم و فێریکردم ژیان بە سەختی و قورسیەوە جوانترە، هەوڵدان کۆتایی نییە، بەری ڕەنج و ماندووبوون بێ کۆڵنەدان ناخورێت، سەدان ئامۆژگاری کردم، هێشتا وشە بە وشەیان لە گوێم دەزرینگێننەوە.

مریەمەکەی من و منی مریەمەکەم، هێندە ڕوحمان ئاوێزان بوو، زۆرجار لە خەمی یەکتردا بیرمان بۆ یەکتر دەکردەوە، لەگەڵ هەموو هاتنەوەیەکمدا چەند جارێک وەک میوان بەخێری دەهێنامەوە، هەموو جارێک کە ماچی دەکردم، نەیدەهێشت من ماچی بکەمەوە، دەیگوت: نابێت دەموچاوی پیرەژن ماچ بکەیت، بەڵام ڕۆژێک پێش سەفەرە ئەبەدیەکەی، خۆی وتی وەرە ماچێکم بکە، ئەفسووس من نەمزانیبوو دوا دیدار و دوا ماچ و دوا بۆنکردنە، بۆنی مێخەک و سمڵ و بۆنی بەشێکی ڕۆحم، نەمزانیبوو فریشتەکانی ئاسمان بانگهێشتی زەماوەندیان کردووە، ئەو زەماوەندەی بۆ هەر مریەمێک ڕێکدەخرێت کاتێک دەچێتە نێو ژیانی ئەبەدی و بە دیداری دایکە مریەمی پاکیزە شاد دەبێت.

مریەمەکەی من هێشتا هەموو بەرەبەیانێک لەگەڵ بولێلدا بە خشەی کۆڵوانە و لەرەی دەنکی تەسبیحەکەی بە ئاگام دێنێت، دەرگاکە دەکاتەوە و لەگەڵ سەلای پیاوچاکاندا بەرماڵی دوو ڕکات نوێژی بەیانی دادەخات، گوێم نازرینگێتەوە ئێستاش هەموو بەیانییەک گوێم لێیەتی نێتی بێگەردی دێنێت و دەڵێت: نییییەتمە دوو ڕکات نوێژی.....

مریەمەکەی من، نەمزانیبوو چلەی تۆ دەبێتە شەوچەرەی چلەی زستانی ئەمساڵ، نەمزانی یادەکانت مۆمی داگیرساوی خەنەبەندانی بەفرانبار دەبێت.

مریەمەکەی من لە ڕۆحمدایە، هەموو شەوێک لەچکە سپییە موفەرکیەکەی نەخەمە ملم، خەون پێڵوم پێدانادات، دەی ئەوە تاکە یادگارییە لام ماوە، مەرجم کردووە بەو لەچکە درزەکانی ڕۆح و زامەکانی جەستەم دەپێچم و بە مریەمەکەم دەڵێم: تۆ چۆنت بوێت وادەبم، ئامۆژگاریەکانت پیت بە پیت جێبەجێدەکەم و بەرگەدەگرم، دەی سەختیەکانی ژیان خۆتان بگرن، منیش لێتان دەبمە مریەمێکیتر.



## خاتوو ڕاز "٨مارس سیمبولی بەرخودان وبەرابەریی ژنانە "

ڕاز ئەسعەد ، توێژەری بواری مێژووی ژن دەربارەی ٨مارس دەڵێت"

وێڕای پیرۆزبایم لە ژنان، بەڵام لەو بڕوایەدام هەشتی مارس لەوە گەورەترە بکرێتە ڕۆژی ئاهەنگێران و پیرۆزبایی ، بەڵکو هەشتی مارس سیمبولی بەرخودان و بەرابەریی ژنانە لەگەڵ ئەو سیستمەی تێکیشکاندون و بە درێژای مێژوو خستوونیەتە ژێر نەیزی چەوساندنەوە و خزمەتی بێبەرامبەر.

ئیتر کاتی ئەوەیە قەڵەمی ژنان بچێتە قۆناغێکی جدییەوە، لەو خاکەڕاگەراییە دەربچێت کە تێیکەوتووە، نابێت چیتر نووسینێک یان کتێبێک بکرێتە رووگە تەنیا لەبەرئەوەی خاوەنەکەی مێیینەیە هەرچەندە رووکەشیش بێت، وەک زۆربەی دەزگاکان دەیکەن.

مێژووی ژن بابەتێکی سەردەمییە و دەبێت کاری جدی لەسەر بکرێت، مێژووی ژن بوارێکی زۆر فراوانە و ناکرێت تەنیا لە نووسینەوەی ژیانی هەندێک ژنی دەرکەوتوودا کۆبکرێتەوە.



# چیرۆکی پرۆفیسۆرە برسیەکە

ن: د.کامەران محەمەد



لە جیهانی پڕ سەرسوڕهێنەرێتی ئەکادیمیادا، زۆرجار سنوورەکان لەنێوان ڕۆشنگەریی و پوچێتییدا نامێنن! چیرۆکێک هەیە کە هێندەی کۆمیدییە، ئەوەندەش ڕەخنەگرانەیە. چیرۆکی مامۆستایانی زانکۆ و شێوازە بێوێنەکەیان لە سەرپەرشتیکردنی تێزی ماستەر و دکتۆرای فێرخوازان، کردەیەکە کە چەندە سەرسامکەرە! ئەوەندەش قازانجبەخشە !پرۆفیسۆر مۆنتاگ بناسە، ئەو ئەکادیمیستێکی بەئەزموون و ئارەزوویەکی بێسنووری بۆ سەرپەرشتیکردنی نامە زانستییەکان هەیە! زۆر بە جددی ئەرکی خۆی دەزانێت کە تێزەکانی فێرخوازان بە سەرنج و ڕەخنەکانی (دەوڵەمەند!) بکات. ئاخر ئەوە شێوازی تایبەتی خۆیەتی! بۆ پیشاندانی توانا ئەفسوناوییەکانی خۆی بەسەر فێرخوازە تازەپێگەیشتووەکاندا .بەڵام پێچ و پەناکە لەوەدایە! سەرەڕای هەموو ئەو زانیاریی و ڕێنمایی و ناوبەناو مەتەڵە سەرسامکەرانەی کە پرۆفیسۆر مۆنتاگ دەیگەیەنێت، تێزەکە وەک مۆڵکی فیکری خوێندکار دەمێنێتەوە. ئەوە بەرهەمی هزر و ماندووبوونی ئەوە، واتە کۆرپە زانستییەکەی، بلیتی چوون بەرەو ئەستێرەیی ئەکادیمییانە !بەڵام کۆمیدیاکە کاتێک دەست پێدەکات کە پەی بەوە دەبەین، بۆ تەواوکردنی تێزەکە، خوێندکار دەبێت یەک یان دوو باسی نامەکە وەک توێژینەوەیەکی سەربەخۆ لە گۆڤارێکی زانستی زانکۆدا بڵاوبکاتەوە. ئەم بڵاوکردنەوەیە وەک کلیلی کردنەوەی دەرگای هۆڵی گفتوگۆی دکتۆرا و ماستەرنامەکە وایە. لێرەدا دەبێت ئاگاداری ئەوەبین کە بڵاوکردنەوە لەم گۆڤارانەدا بەخۆرایی نیە، بەڵکو بڕێک پارە لەپای بڵاوکردنەوەکە وەردەگیرێت، بەڵام بڕێکی کەم نیە! بەڵکو دەتوانرێت ١٠-١٥ کەسی پێ بانگ بکرێت، لە باشترین ڕیستوراندا! (بۆ نموونە لە زانکۆکانی کوردستاندا بۆ یەک توێژینەوە ١٥٠ هەزار بۆ ٢٥٠ هەزار دینار وەردەگیرێت، تەنها بۆ تێگەیشتن) .ئێستا، با بۆ ساتێک بوەستین و دۆخی نالەباری خوێندکارەکە لەبەرچاو بگرین. ئەو نەک تەنها کات و ماندووبوونی، بەڵکو ئەو پارەیەی بەڕەنجی شانیش بەدەستی هێناوە، لە کرێی خوێندنەکەیدا خەرجی دەکات، زۆرجار بارقورسی بۆ خێزانەکەی دروست دەکات !بەڵام بڕوانە، کاتێک پاداشت (مکافئە)ی توێژینەوەکە بۆ لیکۆڵینەوەکەی خەرج دەکرێت، پرۆفیسۆر مۆنتاگ وەک بازێک کە چۆن هەڵمەت بۆ نێچیرەکەی دەبات، ئەویش ئاوا دەگاتە ژمێریاریی کۆلێجەکەی، یەکسەر نیوەی پارەی پاداشتی توێژینەوەکە وەردەگرێت، (لەبەرئەوەی ناوی هەردووکیان لەسەر توێژینەوەکە نووسراوە، ئەوا جەنابی پرۆفیسۆر نیوەی وەردەگرێت، بەڵام زۆرجار خوێندکارەکە هیچ وەرناگرێت! چونکە میلاکی ناوەندەکەی پرۆفیسۆر نیە!)، وەک ئەوەی مافی خودایی خۆی بێت. خوێندکارەکە وەک ڕفاندنێکی دارایی لێی دەڕوانێت و تووشی سەرسوڕمان دەبێت و هەمیشە چاوی لەوەیە کە جەنابی پرۆفیسۆر بۆی بگێڕێتەوە! بەڵام ئەو پێی باشە گیرفانی فێرخوازەکە سوک بێت، تا لەکاتی ڕۆیشتندا ماندووی نەکات!! بۆیە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەو ماندووبوونە دەداتە بەر خۆی !ئێستا ڕەنگە مرۆڤ پرسیار بکات، بۆچی ئەم فیرخوازە پشکی شایستەی خۆی لە پاداشتەکە وەرنەگرت؟ ئاخر ئەو سەرچاوە فیکریی و داراییەکانی خۆی لە تێزەکەیدا وەبەرهێنا! وەک ئەوەی ئەم نامەیە هیچ سوودێکی بۆ وەزارەتی خویندنی باڵا نەبێت !لەکاتێکدا ئێمە بە بێمانایی ئەم دیاردە ئەکادیمییە پێدەکەنین، زۆر گرنگە لەبیرمان بێت کە ئامانجی ڕاستەقینەی فێرکردن بەهێزکردن و پەروەردەکردن و ڕۆشنگەرییە. پێویستیش ناکات گەڕان بەدوای زانییندا وەک قورخکردنێکی دارایی وابێت؟! بۆیە دەبێت بەرهەمی کاری ئەکادیمیش بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت .لە جیهانی تەلیسمئامێز و ڕەفتارنامۆی ئەکادیمیادا، ئومێدی گێڕانەوەیەکی هاوسەنگترمان هەبێت، کە فێرخوازان پاداشتی کار و ماندووبوونەکانیان وەربگرن. لەم سێرکە ئەکادیمییەدا، پێویستە ڕوناکی لەسەر دادپەروەری و ڕەفتاری ئاکاریی بدرەوشێتەوە، نەک شانۆگەریی کۆمیدی ئەو پرۆفیسۆرە چاو برسییە!

# پێنج بروسکە چیرۆک

## نوسینی : هێدی گەڵاڵی

### بیرەوەری



خوێندنەوەی ڕۆمان و خۆ سەرقاڵ کردن بە کتێبە ئەدەبییەکانی تر نەیانتوانی زنجیرەی بیرکردنەوەی بپچڕێنێت! دەیویست بیری لێ نەکاتەوە وەلێ پەپوولەی سەر لێوەکانی بەرەو نیگاکانی دەفری و ناچار بۆ چەند ساتێک خەیاڵ دەیبردەوە بۆ ساڵانی رابردوو.کتێبەکەی لە سەرمێزەکە دانا ، چاوەکانی ختوکەیان دەدا و دەمی بیووە تەڵەی تەقیو! دڵی بەوە خۆش دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: لەگەڵ بیرەوەریەکانیش بژین هەر باشە. گرنگ ئەوەیە هەردوکمان لە ژێر یەک ئاسمانین و سەیری یەک مانگ و ئەستێرەیەکی بێ شومار دەکەین.

زیندوو کوژ

هێشتا لە ژیاندا بوو گۆرانی و کۆنسێرتەکانی جۆش و خرۆشێکی کەموێنەی بە گوێگر و هەوادارانی و ناوەندە هونەریەکان بەخشی بوو. دوای کۆچکردنی یەکێ لە خزمانی بە ئاشکرا لە کەناڵێکی ئاسمانی رایگەیاند: دوێنێ زیندوو بوو ڕێزیان لێ نەدەگرت و پەراوێز خرابوو ئەمڕۆ مردووە فرمێسکی تیمساحی بۆ هەڵدەرێژن و ستایش دەکرێت و کەسایەتیەکی دیکەی بۆ دادەتاشن. هەر بە راستی ئەوە ئێمەین ( زیندوو کوژی مردوو پەرست(.

لوتکە

خوێنەرێک : تا دێت خوێندنەوەی کتێب بەراوورد بە خوێندنەوە ئەلەکترۆنییەکان بەرەو لێژی دەڕوات .

نوسەرێک: لەبەرئەوەی کتێب هەموو کات لە لوتکەیە.

کوێخا


دوای لەکارکەوتنی ئامۆزاکەی ئەم وەک جێگرەوە بووە کوێخا ئیش و کارەکانی گوند و مەملەکەتی بەڕێوەبرد . لە ڕوخسارو شێوەدا کتومت لە باوکی دەچوو! لە هەڵسوکەوت و مامەڵەدا لەگەڵ سەپان و جوتیاراندا بەراوورد لەگەڵ ئامۆزاکەی ئاسمان و ڕێسمانیان جیاواز بوو.لە گفتوگۆدا توندتر دەردەکەوت و زۆر بە کەمی خەندەو پێکەنین دەبووە میوانی لێوەکانی! لە سەردەمی باڵادەستی کوێخا تازەکە جوتیاران لە مەینەتی و ژیانێکی قورس دەگوزەرێن!!


ئەو لە باڵەخانەی چراخان و بەرزەوە لە دوورەوە سەیری ئەو جوتیارانەی دەکرد کەماڵەکانیان تاریک و تەنگ !!خانووەکانیشیان قوڕ و کەلاوە.

بێ لانە

ئەو پیرەژنە کزۆلە گلەیی لە بەختی خۆی دەکرد و لە لای ژنە دراوسێکەیان درکاندبووی کە ئێتر لە ماڵی کوڕەکانی جێی نابێتەوە ! بە دەنگێکی نوزە لێبڕاو و دڵە کوتەوە بە گوێیدا چرپاندبوو:

بە بێوەژنییەوە هەر سێ کوڕەکەم گەورە کردو ژنم بۆ هێنان بەر لە ژن هێنانیان هەمووومان لە یەک ماڵ دڵخۆش ژیانمان دەبردە سەر ، ئێستا لە سێ ماڵدا بە تەنیا جێی من نابێتەوە.





# مووچە و داهات و خەرجیی دووەم حوکمداریی کوردستان
# (تشرینی یەکەمی ١٩٢٢-شوباتی ١٩٢٣)


سدیق ساڵح

٩٠٠

مووافیقی یەومییە

عەن ٥ی ئەیلوولی ٣٣٨ تا نیهایەتی ١٦ی ئەیلوولی ٣٣٨ واریدات

| یەکوون | | مالییە و سائیرە | | ڕێژی | | ڕوسوومات | | ئەدوانس | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئانە | رووپیە | ئانە | رووپیە | ئانە | رووپیە | ئانە | رووپیە | ئانە | رووپیە | |
| .. | ١١٨٣٤ | ٧ | ٢٩٠٣ | ١٥ | ٤٥٢٢ | ١٠ | ١٩٠٧ | .. | ٢٥٠٠ | عەن ٥ تا نیهایەتی ٣٠ی ئەیلوولی ٣٨ |
| .. | ٦٤٦٤١ | ٨ | ١٩٣٢٧ | ١٥ | ٢٧٠٤٤ | ١١ | ٣٨٥٢ | ١٤ | ١٤٤١٦ | در ماه تشرين اول ٣٨ |
| ١٠ | ١٣٦٦٢٤ | ١٥ | ٤٣٥٠٤ | ١٠ | ٦٣٣٨٠ | ٧ | ٧٥١٩ | ١٠ | ٢٢٢١٩ | سر ماه تشرين ثانی ٣٨ |
| ٥ | ١٩٢٨٤٠ | ٢ | ٥٤٨٢٠ | ١ | ١٠٦٦٠٨ | ٢ | ٧٦٩٤ | .. | ٢٣٧١٨ | در ماه كانون اول ٣٨ |
| ١٥ | ١٠٥٦٩٥ | ٢ | ٣٤٣١١ | ١ | ٦٤٢٤٧ | ١٢ | ١٦١٤ | .. | ٥٥٢٥ | عەن ١ تا نیهایەتی ١٦ی کانوونی ثانیی ٣٨ |
| ١٤ | ٥١١٦٣٥ | ٢ | ١٥٤٨٦٧ | ١٠ | ٢٦٥٨٠٣ | ١٠ | ٢٢٥٨٧ | ٨ | ٦٨٣٧٩ | |
| ٨ | ٤٦٣٨٧٥ | مەوجوودی مودەووەری زەمانی ئینگلیز | | | | | | | | |
| ٦ | ٩٧٥٥١١ | یەکوون | | | | | | | | |



١٧ی کانوونی ثانیی ٣٨

کاتبی واریدات

(ئیمزای فارس)

٩٠٠

تەخصیصاتی مانگیی عموومی مەئموورین و موستەخدەمینی لیوا داخل و خاریج، قەضا و نەواحی، مووافیقی قادرۆ دەفتەری

| ئانە | رووپیە | |
|---|---|---|
| .. | ٣٧٥٠٠ | دائیرەی ملووکانە (٣٥٥٠٠ رووپیە مەعاش+٢٠٠٠ تەخصیصات=٣٧٥٠٠ رووپیە) |
| .. | ٩٢٤٠ | داخلییە |
| .. | ٥٦٩٠ | مالییە |
| .. | ٣٩٠٠ | عەدل و شەرع |
| .. | ٥٦٣٣٠ | |
| .. | ٤٧٥٠ | دائیرەی گومرگ |
| .. | ٢٨٠٦٠ | ژاندرمە و پۆلیس |
| ١٢ | ٤٥٩٦٢ | عەسکەرییە نمرە ١ (٤٤٩٦٢ رووپیە و ١٢ ئانە مەعاش+١٠٠٠ رووپیە مەصرەف= ٤٥٩٦٢ رووپیە و ١٢ ئانە) |
| ١٢ | ١٣٥١٠٢ | |
| .. | ٤٠٥٥ | دائیرەی نافیعە |
| .. | ٤٠٧٥ | مەعاریف |
| .. | ٨٠٠٠ | موتەقاعیدین و ئەیتام و ئەر[ا]میلی عەسکەرییە و موحتاجین |
| .. | ١٠٠٠ | مەعاریف، قیرطاسییە و ئیجار و سائیرە |
| ١٢ | ١٥٢١٣٢ | |

١٨ی کانوونی ثانیی ٣٣٨

کاتبی مەصرەف

(ئیمزای فارس)

٩٠٠

مووافیقی یەومییە

عەن ٥ی ئەیلوولی ٣٣٨ تا نیهایەتی ١٦ی کانوونی ثانیی ١٣٣٨ مەعاش و موصارەفات و مەعاش و

| یەکوون | | موصارەفات | | ئەدوانس | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئانە | ڕووپیە | ئانە | ڕووپیە | ئانە | ڕووپیە | |
| ٥ | ٢١٥٠٢٨ | ١٥ | ١٦٨٣٤٦ | ٦ | ٤٦٦٨١ | عەن ٥ تا نیهایەتی ٣٠ی ئەیلوولی ٣٣٨ |
| ١٣ | ١٥٧٨٥٦ | ١٢ | ١١٧٣٢٥ | ١ | ٤٠٥٣١ | تشرینی ئەووەلی ٣٣٨ |
| ٨ | ٢٢٤٤٠٥ | ٣ | ١٦٧٣١٠ | ٥ | ٥٧٠٩٥ | تشرینی ثانیی ٣٣٨ |
| ٤ | ٢٠٥٣٣٢ | ٤ | ١٧٩٦٤٧ | .. | ٢٥٦٨٥ | کانوونی ئەووەلی ٣٣٨ |
| ٦ | ٤٨٩٩٦ | ٦ | ٤٤١٩٦ | .. | ٤٨٠٠ | عەن ١ تا نیهایەتی ١٦ی کانوونی ثانیی ٣٣٨ |

٩٠٠: واتە بە ناوی خوداوە.

قادرۆ دەفتەری: دەفتەری کارمەندان.

یەکوون: یکون، کۆ.

ئەدوانس: advance، پێشینەپێدان (تسلیف)، یا وردتر بڕەپارەیەکە پێشەکی دەدرێ بۆ ئەنجامدانی مامەڵەیەکی ئابووری و پرۆژەیێک، بۆ ئەوەی ببێتەماڵی لایەنی پارەدەر و مسۆگەربکرێ (عربون). بیر بۆ ئەوە ناچێ ئەو دەمە مامەڵەی ئابووری و پرۆژەیێکی ئەوتۆ هەبووبێ، بۆیە ڕەنگە زیاتر بۆ پێشینەدان هاتبێ و پارە پێشەکی درابێتە کەسان؛ یا لەوانەیشە پارەی پێشەکیی هەندێ شتی کڕدراو بێ.

٣٨، ٣٣٨، ١٣٣٨: ساڵی ڕۆمیی عوسمانییە، تا کۆتاییی کانوونی یەکەم، دەکاتە ١٩٢٢ و لە کانوونی دووەمیشەوە، ١٩٢٣.

دائیرەی ملووکانە: دائیرەی سیاسیشی پێوتراوە. ئەو بینایە لەبەر سەرای سلێمانیدا بووە. سەفوەتبەگی قوماندانی سوپای عوسمانی لە سلێمانی، ساڵی 1908 بە پیتاکی دەوڵەمەندەکان دروستیکردووە بۆ مەکتەبی ئەعدادیی موڵکی. وەستا حەسەنی فاتمەغەزایی و وەستا ساڵحی وەستا شوکری و وەستا حەسەنی وەستا ڕەشید و وەستا حەبیبی ئەولێ بەشداری بنیاتنانی بوون. بیناکە، لە یەکەم حوکمداریی شێخ و یەکەم خولی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیزدا لە سلێمانی، بارەگای کارهەڵسووڕندانی حاکم (ئەفسەر)ی سیاسیی ئینگلیز بووە، بۆیە بە دائیرەی سیاسی ناسراوە. هەتا شێخیش، لە دووەم و سێهەم حکوومەتیدا، کردوویە بە بارەگای حوکمی خۆی. ئەدمۆندز کە ڕۆژی 1923/5/16 هاتووەتە ناوشار، سەری لەو بینایە داوە و چووەتە ناو هۆدەی تایبەتی شێخ، وێنەی لەچوارچێوەگیراوی شێخ و تاجێکی نەخشداری شاهانە و ئاڵایەکی کوردیی تێدا دیوە. جگە لەوە، سەردار ڕەشیدخانی ئەردەڵانی کە ئەو سەردەمە لە ئێران هەڵاتووە، دووجار، لە 1923 و 1924دا، هاتووەتە لای شێخ. وێنەیەکی شێخ و سەردار ڕەشید، لەگەڵ کۆمەڵێك گەورەپیاو و خەڵکی شاردا، لە بەردەم دەرگای ڕوو لە ڕۆژهەڵاتی ئەو بینایە گیراوە. ئەوە هەر ئەبێ بارەگای حوکمداریی شێخ بووبێ، وەك چۆن ئەو شوێنە بۆ بۆنەیەکیوا گونجاو بووە. ناوهێنانی (دائیرەی ملووکانە) لە تۆمارێکی شارەوانیی سێیەم حوکمداریی شێخدا بە (دائیرەی سیاسی)، هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە کە شێخ هەمان بینای بۆ دووەم جار کردووەتەوە بە بارەگای حوکمی خۆی. جێی باسە، بیناکە لە حوکمی پاشایەتیی عیراقدا کرایە قوتابخانەی سەرەتاییی فەیسەڵییە.[1]

داخلییە: شێخ محەمەدغەریبی قازانقایە ڕەئیسی بووە.

مالییە: عەبدولکەریم عەلەکە ڕەئیسی بووە.

عەدل و شەرع: ئەم دەورە داوا لە شێخ عەلیی قەرەداخیی کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی ئیبنولخەیاتی دانیشتووی بەغدا کرا ڕیاسەتی عەدل و شەرع وەربگرێ، قبووڵینەکرد. لەبەرئەوە سەرەتا ئەحمەد موختار قازیی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای هەولێری بە وەکالەت گرتیە دەست. پاشان مەلا مەعرووفی سیرێیی تا بڕانەوەی ئەو دووەم دەورە هەر بە وەکالەت کاروباریی بەڕێوەبرد.[1]

ڕێژی: واتە گومرگ، ئەحمەدبەگی فەتاحبەگ (حەمدیی شاعیر) ڕەئیسی بووە. ئەم زاراوەیە لە خشتەکەدا، وشەی (مع خوی) لەگەڵ نووسراوە، کە ساغنەبووەوە چییە! تۆ بڵێی (لەگەڵ خۆی) یا (لەگەڵ خوێ) بێ؟! زۆر بەدوور دەزانرێ ئەمەی دواییان بێ.

ژاندرمە و پۆلیس: ئەمنییەتی عومومییە، سەیید ئەحمەد بەرزنجی ڕەئیسی بووە.

عەسکەرییە: ساڵح زەکی ساحێبقڕان، قوماندانی عەسکەری کوردستان بووە.

نافیعە: محەمەدئاغای عبدولڕەحمانئاغا ڕەئیسی بووە.

مەعاریف: میرلیوا مستەفاپاشا یاملکی ڕەئیسی بووە.

کاتبی مەصرەف: فارس ئەفەندی (١٨٨١؟-١٩٥٥) کوڕی عەبدولڕەحمانئاغای هەمزەئاغا و لە بنەماڵەی فەرخەی سلێمانییە، بە خوێندنی حوجرە فێری خوێندنەوە و نووسین و فارسی و عەرەبی بووە. لە سێیەم حوکمداریی شێخدا، لە ١٩٢٤/٢/١٤وە تا نەمانی حوکمدارییەکە لە تەمووزی ئەو ساڵەدا، بریکاری سەرۆکی شارەوانی و موحاسەبەچیش بووە.[1]

ئەم دوو نووسراوە سەبارەت بە داهات و خەرجی و مووچەی مانگانەی مەئموووران و موستەخدەمانی لیوا، واتە لیوای سلێمانی بە قەزا و ناحیەکانیەوە، قەڵەمڕەوی ئەو دووەم حکوومەتەی کوردستان دەگرێتەوە، کە پاش هێنانەوەی شێخ مەحموودی حەفید لە هیندستان لە ناوچەی سلێمانی پێکهێنرا و تا کۆتاییی شوباتی ١٩٢٣ مایەوە. ڕاستیش ئەو حکوومەتە هەر لەو ماوەیەدا کە داهات و خەرجیی تێدا دیاریکراوە، لەکاردابووە و ئەوەبەدوا و بە چوونەدەرێی شێخ مەحموود بە هێزەکانیەوە لە سلێمانی، لەبەریەکهەڵوەشاوە. شایانی وتنە، شێخ لە ١٩٢٢/١٠/١٠دا ڕیاسەتەکانی حکومەتەکەیی لە ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان"دا ڕاگەیاند.[1]

لیستی یەکەم پارەی تەرخانکراوە بۆ مووچەی مانگانەی مەئموووران و موستەخەمانی حکوومەتەکە، کە سەرجەم ١٥٢١٣٢ ڕووپیە و ١٢ ئانەیە. لەو بڕەپارەیە ١١١٥٢٢ ڕووپیە و ١٢ ئانەی تەرخانکراوە بۆ وردەخەرجی و مووچەی دائیرەی ملووکانە (بارەگای حوکمداری) و ژاندرمە و پۆلیس و عەسکەری کوردستان، کە لەچاو مووچەکانیتردا دووئەوەندە و نیو زیاترە. ڕەنگە پاساوێکیش ئەوەبووبێ کە حکوومەتەکە لەو سەرەتایەدا پێویستی بە هێزی پۆلیس و سەرباز هەبووە بۆ دابینکردنی ئاسایش و پارێزگاریی خۆی. بێریشمان نەچێ، ئەوسا خەڵک هەمووی چوار ساڵێک بووە لە دۆزەخی یەکەم جەنگی جیهانی هاتووەتەدەرێ و ئابوورییەکی داتەپیو و هەژاری و دەردەداری و دواکەوتەییش لە سیما هەرە دیارەکانی ژیانی ئەو کاتە بوون. ڕەنگە لەو بێبەرنامەیی و بێداروباریی دەستبژاردەی کوردیشدا بەگشتی، بۆچوونی هەڵە وابووبێ کە دامەزراندنی خەڵک بە چەکدار باشترین ڕێگەیێکە بۆ خزمەتکردنیان و ڕزگارکردنیان لە برسێتی و هەژاری؛ دەردێک کە کورد لە هەر دەرفەتێکیتری هاوشێوە دواتریشدا پاتیکردووەتەوە!

داهات، کە لە ١٩٢٢/٩/٥وە کاتێک هێزەکانی ئینگلیز ناوچەی سلێمانییان چۆڵکرد و سپاردیان بە مەجلیسی میللیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی شێخ قادری حەفید و لە ١٩٢٢/١٠/١٠یشەوە کاتێک دووەم حوکمداریی کوردستان پێکهێنرا تا ١٩٢٣/١/١٦، کە کەموزۆر بارودۆخی سلێمانیی تێدا جێگیربوو و ئەوەبەدوا بەهۆی هەڕەشەکانی ئینگلیزەوە تێکچوو و ڕووی لە نەمان کرد، ٤٦٣٨٧٥ ڕووپیە و ٨ ئانەی کۆکراوەی سەردەمی خولی یەکەمی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز بوو، ٥١١٦٣٥ ڕووپیە و ١٤ ئانەی کۆکراوەیشی هاتووەتە سەر، تێکڕا بووەتە ٩٧٥٥١١ ڕووپیە و ٦ ئانە. ئەو داهاتەیش بەگشتی بریتییە لە دەرامەتی ڕیاسەتەکانی مالییە و گومرگ و باج و ڕەسمەکانی ناوخۆ.

# گوڵەکانی (ڤلادیمیر مایاکۆڤسکی)

## وەرگێڕانی بۆ کوردی

عمر محمود پیرۆت



یەکێک لە جوانترین چیرۆکەکان ، کە
لەژیانی شاعیری مەزنی ڕوسی ( ڤلادیمیر مایاکۆڤسکی ) دا ڕویداوە ، لەو کاتەوە دەسپێدەکات کە لەپاریس گیرۆدەی خۆشەویستی ( تاتیانا یاکوڤلیڤا )بوو .
هیچ شتێکی هاوبەش لەنێوان (مایاکۆڤسکی) ی شاعیر و( تاتیانا) دا نەبوو .
ئاخر ئەو لەکوێ و ئەم لەکوێ !
ئەو کچە کۆچبەرێکی ڕوسی نەرم و نیان ،
لەسەر خۆشەویستی پۆشکین و تۆتچیف پەروەردە کراوە .
ئەو شاعیرێکی شۆڕشگێڕی تورەو هەڵچوو .
تاتیانا یەک ووشەشی لە شیعرە ڕەق و زبرەکانی ئەو شاعیرە یاخیە بەناوبانگەی پێ قبوڵ نەدەکرا ، کە لەوڵاتی سۆڤیەتدا وەک (بەستەڵەکشکێن ) وابوون .
تەنانەت لەژیانی ڕاستەقینەشیدا یەک ووشەی لە ووشەکانی ئەوی پێ خۆش نەبووە و چێژی لێ نەبینیوە .
ئەو تورەو سەرکێش و ئەم نازدارو نەرم و نیان .
(مایاکۆڤسکی ) ڕاست و ڕەوان ئەوە دەکات کەدەیڵێ و سڵ لەهیچ ناکاتەوە .
ئەمە وای لە ( تاتیانا ) دەکرد لەو سۆزو حەزە سەرکێشیانەی بترسێ .
وەفاداریە سەگ ئاساکەی (مایاکۆڤسکی) هیچی لەودا نەجوڵاند .
ناوبانگ و شکۆ داریەکەی سەرنجی ئەوی ڕانەکێشا.
دڵی بەڵای ئەودا نەشکایەو گوێی پێ نەدا .
بۆیە مایاکۆ ڤسکی بێهیواو تاک و تەنها بەتێکشکاوی ، گەڕایەوە مۆسکۆ .
ئەو خۆشەویستیەی لەدڵیدا کڵپەی سەندبوو ، گڕی بەردابۆ هەناوی و لەناخەوە دەیسوتاند ، بێ ئەوەی (تاتیانا) ئاوڕێکیشی لێبداتەوە .
تەنها خەمێکی قوڵی لەناخیدا جێهێشت .
یەکێ لە جوانترین شیعرەکانی بەناونیشانی
( نامەیەک بۆ تاتیانا یاکۆڤلیڤا ) ی بۆ ئێمە جێهێشتووە ، لەگەڵ چەند وشەیەکی جوان:
[ هەرچۆنێک بێ هەر دەتبەم ، بەتەنیا یان بەپاریسەوە ]
بەڵام بۆ ئەو گوڵی جێهێشت.
یان وردتر بڵێین چەپکە گوڵەکان .
ڤلادیمیر مایکۆڤسکی هەموو ئەو پارانەی لە بەرامبەر گەشتە شیعریەکانی بە سەرتاپای پاریسدا بەدەستی هێنابوو ، خستیە سەر هەژماری کۆمپانیایەکی گوڵ فرۆشتن ، بەمەرجی ئەوەی لەهەفتەیەکدا چەندین جار جوانترین و نایابترین چەپکە گوڵ بۆ (تاتانیا یاکوڤلیڤا) بەناوی ئەوەوە بنێرن .
گوڵی کوبی ، وەنەوشەیی ، ڕەش ، ئۆرکیدا ، بەیبون و چەندین گوڵی تر...
کۆمپانیا ناوداره فەرەنسیەکەش بەوردی داواکاریەکانی کڕیارە چەورەکەی جێبەجێکرد .
لەو ڕۆژەوەو بێ لەبەر چاوگرتنی بارو دۆخی کەش و هەواو وەرزەکان ، ساڵ دوای ساڵ ، نێردراوەکانی کۆمپانیا لەدەرگای
( تاتیانا یاکوڤلیڤا) یان دەدا بەچەپکە گوڵێکی سەرنجڕاکێشەوە لەگەڵ وتەیەک کە هەرگیز نەگۆڕا :
( لە مایاکۆڤسکییەوە).
لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا (مایاکۆڤسکی ) چیتر بەرگەی ئەو گڕکانەی ناخی نەگرت .
ئەوەبوو لە ١٤-٤ ١٩٣٠ خۆی کوشت .
خۆ پێشتریش گوتبوی ئەگەر نەتوانم جارێکی تر تاتیانا ببینم ، خۆم دەکوژم .
هەواڵی مردنەکەی تاتانیای بەجارێک هەژاند .
ئاخر وا ڕاهاتبوو مایکۆڤسکی بەردەوام خۆی بکا بەژیانیدا .
خوی بەوەوە گرتبوو ، کە مایاکۆڤسکیێ لە شوێنێکە و چەپکە گوڵی بۆ دەنێرێ .
ئەوان هەرگیز بەیەک نەگەیشتبون .
بەڵام بونی ئەو مرۆڤەی بەو ڕادەیە عاشقی بووەو خۆشی دەوێ ، ڕاستییەک بوو کاریگەری لەسەر هەموو ئەوە جێهێشتبوو کە لەژیانیدا ڕوی دەدا .
هەروەک چۆن مانگ بەشێوەیەک لەشێوەکان کاریگەری خۆی لە سەر هەموو بونەوەرەکان دادەنێ ، لەبەرئەوەی بەردەوام لەگەڵیانە و بەدەوریاندا دەسوڕێ .
( تاتیانا ) نەیدەزانی چۆن ژیانی دواتری بەبێ ئەو خۆشەویستیە مەزن و شێتەی کە دزەی کردۆتە ناو چەپکە گوڵەکانیش بژیت و بەسەر بەرێ .
بەڵام ئەو گرێبەستەی شاعیر لەگەڵ کۆمپانیای گوڵەکان واژۆی کردبوو ، هیچ ئاماژەو تەنانەت ووشەیەکیشی دەربارەی مردن تێدا نەبوو.
بۆیە یەکەم ڕۆژی دوای مردنی مایاکۆڤسکی ،
نێردراوی کۆمپانیای گوڵفرۆش بەچەپکێ گوڵەوە هات لەگەڵ ووتەیەک کە هەرگیز نەگۆڕا ( لە مایاکۆڤسکییەوە) .
دەڵێن خۆشەویستی ڕاستەقینەو مەزن لەمردن بەهێزترە .
بەڵام هەموو کەسێ نەیتوانیوە لەسەر زەمینی واقیع ئەوە بەرجەستە بکات و بسەلمێنێ .
مایاکۆڤسکی ئەوەی بەرجەستەکردو سەلماندی .
هێنانی چەپکە گوڵەکان بۆ ( یاکوڤلیڤا ) لە ساڵی ١٩٣٠ لەکاتی مردنی مایکۆڤسکی و لە ساڵی ١٩٤٠ و دوای بیرچونەوەشی بەردەوام بوو.
لەساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا کە ئەڵمانەکان فەرەنسایان داگیر کرد ( تاتیانا ) لەڕێگەی فرۆشتنی چەپکە گوڵە گرانبەهاکان لەیەکێ لەپارکەکانی پاریس توانی ڕزگاری بێت و ئەو دۆخە نەبونی و نەداریە تێپەڕێنێ .
ئەگەر هەر گوڵێک وەک ووشەی ( خۆشم دەوێی ) بوبێ ئەوا ووشەکانی مایاکۆڤسکی توانییان (تاتیانا ) لە (مردن لە برسان) ڕزگار بکەن .
دواتر هاوپەیمانان پاریسیان ڕزگارکرد.
دواتریش( تاتیانا ) لەگەڵ خەڵکی لەخۆشیان دەستیکرد بەگریان کاتێک هێزەکانی سۆڤیەت چونە ناو بەرلینەوە.
بەڵام چەپکە گوڵەکان هەر بەردەام بوون و دەهاتن .
ئەوانەی چەپکە گوڵەکانیان دێنا بە بەرچاویەوە گەورە دەبوون .
گەنجی تر شوێنیان دەگرتنەوە.
ئەم گوڵ هێنەرە نوێیانە دەیانزانی دەبنە بەشێک لەداستانێکی مەزن .
بەشێکی بچوک ، بەڵام ڕاستەقینە.
دەهاتن و ووتە بەناوبانگەکەیان دەگوت ، وەک ئەوەی ووشەی نهێنی بێت.
بەزەردەخەنەیەکەوە وەک ئەوەی لەگەڵ مایاکۆڤسکی لەپیلانگێڕییەکدا بن دەیانگوت
) لەمایاکۆڤسکییەوە(
گوڵەکانی مایاکۆڤسکی بوون بە چیرۆکێکی پاریسی .
ئایا ئەمە ڕاستی بوو یان تەنها چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش وجیاوازو جوان ؟
ئەندازیاری سۆڤیەتی ( ئەرکادی ڕیڤیلین ) کە ئەم چیرۆکەی بەمنداڵی لەدایکی بیستبوو ،سەردانی پاریسی کرد .
(تاتیانا یاکۆڤلیڤا ) ، بەسنگی فراوانەوە لەماڵەکەی خۆیدا پێشوازی لێکرد .
لەسەر چا خواردنەوە باسی هەموو شتێکیان کرد .
چەپکە گوڵەکان هەموو شوێنێکی ئەم ماڵە جوانەیان هێندەی تر ڕازاندبۆوە.
وەک ڕێزێک بۆ ئەو داستانەو ،بەجوانیشی نەزانی پرسیاری سەرکێشیە سۆزداریەکان لەو ژنە بەتەمەنە بکات ، کە وەک شاژنێکی تاج لەسەر دەردەکەوت. بەڵام خۆی پێنەگیراو ئارامی لەبەربڕاو پرسیاری لێکرد :

ئایا ئەمە ڕاستی بوو یان تەنها چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش وجیاوازو جوان ؟
ئەندازیاری سۆڤیەتی ( ئەرکادی ڕیڤیلین ) کە ئەم چیرۆکەی بەمنداڵی لەدایکی بیستبوو ،سەردانی پاریسی کرد .
(تاتیانا یاکۆڤلیڤا ) ، بەسنگی فراوانەوە لەماڵەکەی خۆیدا پێشوازی لێکرد.
لەسەر چا خواردنەوە باسی هەموو شتێکیان کرد .
چەپکە گوڵەکان هەموو شوێنێکی ئەم ماڵە جوانەیان هێندەی تر ڕازاندبۆوە.
وەک ڕێزێک بۆ ئەو داستانەو ،بەجوانیشی نەزانی پرسیاری سەرکێشیە سۆزداریەکان لەو ژنە بەتەمەنە بکات ، کە وەک شاژنێکی تاج لەسەر دەردەکەوت. بەڵام خۆی پێنەگیراو ئارامی لەبەربڕاو پرسیاری لێکرد :

ئەو چیرۆکە ڕاستەقینەیە کە خەڵکی دەیگێڕنەوە و دەڵێن گوڵەکانی مایاکۆڤسکی لەکاتی شەڕدا ڕزگاریان کردووی ؟
یان تەنها چیرۆکێکی جیاوازو جوانە؟
ئەقڵ دەیگرێ ئەم هەموو ساڵە بێ پسانەوە بەردەوام بوو بن لە چەپکە گوڵ هێنان؟
تاتیانا وەڵامی دایەوە:
چایەکەت بخۆووە ، دەی چایەکەت بخۆوە . هەرچۆنێ بێت خۆ تۆ پەلەت نیە لەڕۆیشتن. وانیە ؟
ئا لەو کاتەدا زەنگی دەرگاکە لێیدا.
لەژیانیدا چەپکە گوڵی ئاوا جوان و ڕازاوەی نەدیتبوو.
لەپشتیەوە ئەو گەنجە دیار نەبوو کە هەڵیگرتبوو.
چەپکێ لەگوڵی بەیبون ، هەر لە تۆپەڵێک ( لە خۆر ) دەچوو.
لەپشت ئەو چەپکە خۆرەوە
دەنگێکی زۆر دڵگیرو سەرنجڕاکێش

# گۆستاڤ لۆبۆن و خوێندن و مۆتەکەی لەبەرکردن

## سیروان حەمەڕەشید



گۆستاڤ لۆبۆن لەسەر پەروەردە و خوێندنی کۆنە باو و تەقلیدی، شێوازی دارزیو و نەریتی لەبەرکردن (دەراخ) بابەتەکانی خوێندن دەڵێت: "هەڵەیەکی کوشندەی سیستمی خوێندنی باو و تەقلیدی شێوازی لەبەرکردنی ناوەڕۆکی کتێبەکاندا پێیوایە زیرەکی خوێندکار زۆر ترو زیاتر دەکات یان مێشکی دەکاتەوە، لەسەر ئەو بنەمایە قوتابیان هەوڵدەدەن زۆرترین بڕی کەرەستە و زانیاری فێربن و لەبەرییان بکەن، لەبەر ئەوەیە دەبینین خوێندکارانی لاو هەر لەقۆناغی سەرەتاییەوە تادەگاتە ئاستی بڕوانامەی دکتۆرا ناوەڕۆکی کتێبەکانی هەڵدەلوشن، بەبێ ئەوەی عەقڵی یان بیروڕای خۆی تێدا بخانەگەڕ. دیارە فێرکردن بەلای ئەوەوە بریتییە لەلەبەرکردن و گوێڕایەڵی. "جۆل سیمۆنی" وەزیری فێرکردنی ئەوددەمە" دەڵێت: فێربوونی وانەکان و لاسییکردنەوەیان بەباشی ڕۆشنبیرێکی خەمرەوێن پێکدەهێنێت، کەتێدا هەموو هەوڵ و کۆششێک بریتیی دەبێت لەئیمان و باوەڕبونی کوێرانە و هەڵنەکردنی مامۆستا، لەکۆتاییدا ئەمانە دەبنە مایەی دابەزینی ئاستەکان و کەنەفتکردنمان"

ئەو بۆچونەی لۆبۆن بەو واتایەیە زیرەکی لەبەرکردن دەراخ، بۆ کات و ساتێکی زۆر کورتخانەو ناتوانێت ئاسۆی بیرکردنەوەو مەعریفەی فێرخواز فراوان بکات و جارێکی تر زانیارییەکانی لەکات و شوێنی خۆیدا تەوزیف بکرێت و سود بە زانست و فەرهەنگی جڤات بگەیێنێت.

مێژووی ئەم ڕەخنەیە "گۆستاڤ لۆبۆن" لە خوێندنی لەبەرکردن (دەراخ) مێژووی ساتەوەختەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (129) ساڵ لەمەوبەر، لەکتێبی (سایکۆلۆژیا جەماوەدا) قسەی لەبارەوە کردوە.

ئەگەر کەمێک دیقەت لەئەرگۆمێنتەکانی لۆبۆن بدەین و بەدیدێکی لۆژیکی و بابەتەتیانە ڕەخنەکانی هەڵسەنگێنن، بەتایبەت لەسەر شێوازی لەبەرکردن( دەراخ)، ئەوەیە دوای نزیکەی (سەدە و نیوێک) لەبۆچونەکانی زۆر جێگەی نەنگی و شەرمەزارییە، کە هێشتا ئەو میکانیزمە کۆنەی خوێندن پراکتیک دەکرێت، لەهەرێمی کوردستان و ناوچەکەی ئێمەدا باش هەست بەوە دەکرێت کە وانەوتنەوە و شێوازی کۆشش و سەعیکردنی خوێندکاران لەسەدەی (21) دا و سەردەمی" زیرەکی دەستکرد"دا زۆر لەدوای ئەو زەمەنەوەین کە گۆستاڤ لۆبۆن شێوازی لەبەرکردنی بابەتی خوێندنی ڕەخنەی لێگرتوە، لەکۆتایدا دەڵێین بەوپەڕی نائومێدییەوە ئەو جۆرە لەخوێندن و ڕێگا سەقەت و نالەبارە لەکۆ ئاستەکانی خوێندنی ئێمەدا پەیرەو دەکرێت.

هیچ گومانی تێدا نییە ئەو شێوازە، نەک نەتوانراوە خوێندکار و فێرخواز بکاتە کائینێک کەبتوانێت پشت بەتوانای فیکری و خودییەکانی ببەستێت و لێکدانەوەی عەقڵانی و زانستی و تێگەشتنی مەعریفی لای گەڵاڵە بێت، دەتوانین بڵێین هەر ئەم جۆرە چەقبەستوییەی خوێندن بووە کەلە زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندنی ئێمەدا نەیتوانیوە کادری خاوەن داهێنەرو دانا و زانا بەرهەم بهێنێت.

بۆیە بەدرێژایی مێژووی خوێندن و خوێندەواری کۆمەڵگەی کوردی دەرگیرە لەگەڵ خوێندنێکی زۆر کۆن و چەقیوو، هەڵبەتە ئەم مۆدیلە کۆنەباوە بۆتە کۆسپی هەرە گەورە بەردەم هەمو پێشکەوتن و گەشەسەندن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، دواجاریش جگە لەمرۆڤ و جڤاتێکی بێ سەواد و دەست و پێ سوتاو هیچی دیکەی لێ سەوز نەبووە، هەر چەندە بۆ گۆڕینی ئەو شێوازە نادروست و چەقبەستوە لێرە و لەوێ هەندێک هەوڵی دڵسۆزی و خەمخۆرانی پەروەردە و خوێندن دەبینین، بەڵام هیچ کەس و لایەکی فەرمی و پەیوەنداری حکومی نەبینینەوە لەخەمی گۆڕان و چارسەردابن.

# خۆ هەڵقورتان و چوونە ناو ژیانی تایبەتی کەسانی تر



## تەها عومەر


بەشی یەکەم :

بەڕاستی ژیانێکی سەیرە و پڕیشێتی لەکەسانی سەیروسەمەرە، کەسانێک کە حەزئەکەن هەمووشتێکی خەڵک بزانن، نەک هەرهێندە، بگرە ڕێگا بەخۆیان ئەدەن بچنە ناو ژیانی تایبەتیی خەڵکانی ترەوە و قسەیشی تیا بکەن، ئەوەش بە کارێکی ئاسایی ومافێکی خۆیان ئەزانن، بێباک لەوەی کەئەوکارە کێشە بۆ مرۆڤ و خێزانەکان دروست ئەکات، من ساڵی 1996 وتارێکم لەسەرئەودیاردە ناشیرینە لەڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) دا بە ناوی (لەدیاردە هەرە دواکەوتووەکان ) بڵاوکردەوە، لەوکاتەوە تائێستا کە زیاتر لە لە بیست و پێنج ساڵە من هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ نابینم بۆ بنەبڕبوونی ئەو دیاردەیە، گۆڕانکاریەکان تەنها لە ڕووکەشیدایە، ڕەنگە ئێستا جل وبەرگی جوانترپۆشین و دیکۆری خانووەکانمان جوانتربێ و گەرئەوکاتە بە پێ و بەپاس هاتووچۆمان کردبێ ئێستا خاوەنی ئۆتۆمبیلی خۆیشمان بین ، بەڵام بەداخەوە ناخمان ناشیرینترو ئەودیاردەیەش بەربڵاوترو زەقتر بووە .

من لام سەیرە کەسانێک هەن حەزئەکەن تێکەڵ بە ژیانی تایبەتی خەڵکانی نزیک ودەوروبەریان ببن و هەموو وردەکاریەکانیان بزانن، نەک هەرهێندە بگرە قسەیشی تیابکەن، زۆرجار ئەو ڕۆچوونە و خۆهەڵقورتانە کێشەی گەورەی بۆ ئەوکەس و خێزانانە دروست کردووە و تەنانەت جاربووە جیابوونەوەیشی تێکەوتووە، ئەوەی لەوناوەشدا تیائەچێت مناڵی بەستەزمانە، ئیتر نازانم ئەوکەسەی ئەوکارەئەکات چ چێژو خۆشییەک لەوە ئەبینێت، یان چی دەست ئەکەوێت ؟

خۆ وەنەبێت ئەم دیاردە ناشیرین و قێزەونە تەنها لەناو چینی نەخوێندەوارو و نیمچە خوێندەواردا هەبێت ، بەڵکو لەناو خوێندەوارو خاوەن بڕوانامەکانیشدا هەیە ، چونکە داخی گرانم هەندێک جار خوێندەواری و بڕوانامەش هەندێ لە مێشکە تاریک وداخراوەکان ناکاتەوە .









## کە نەورۆز دێ

### عەلی حەمەڕەشید



کە نەورۆز دێ ، لەگەڵ خۆی
شنەی شادی دەهێنێ
بە چەپکە نێرگزی جوان
ئێمەی منداڵ دەدوێنێ

بۆ پێشوازی ئامادەین
بە بەرگی هەمە چەشنە
لە لای ئێمەی ڕۆڵەی کورد
نەورۆز خۆشترین جەژنە

بە گۆرانی و بە سرود
بە شایی و بە هەڵپەڕکێ
ئاهەنگی بۆ ساز دەکەین
لە شار و شارۆچکە و دێ

بۆ ئاگری نەورۆزیش
تەنیا (دار) بەکار دێنین
هەتا ژینگە پیس نەبێ
(تایە) ی تیا ناسوتێنین

چەند خۆشە لە نەورۆزا
هەرکەس دارێک بڕوێنێ
تا ژینگەی کوردستانمان
پاک بێ و جوانتر بنوێنێ

## پەروەردە

### سۆران محەمەد



وەک دەرمانێ بۆ دەردەدار
بۆ دەرچوون لەخەم وئازار
پێویستە بۆمان پەروەردە
بۆ ژیانێکی بەهادار
وەک شیر بۆ منداڵی ساوا
وەک خۆراک و ئاووهەوا
پێویستە بۆمان پەروەردە
بۆ کوردان شیفایە و دەوا
بۆگۆڕانکاری و پێشکەوتن
بۆ هەستانەوە لە کەوتن
پێویستە بۆمان پەروەردە
هەرئەوە ڕێگەی سەرکەوتن.

## ڕاستبوونەوە

### ئەحمەد حەمەساڵح



لە نێو نەبوونی مەعریفەوە
لەنێو ویژدانی خاڵییەوە
لە نێو ڕەشەباکانی قینەوە
لە نێو شەپۆلەکانی وابەستەیی و
چەواشەکارییەوە
لەدەرەوەی پەروەردەی نیشتیمانییەوە
لە بیری یەکترشکاندنەوە
لە کاروانی خێڵگەرییەوە
ئێوە هاتن
زاڵخواز ومشت ئەستوور بوون
چەنەباز ودرۆزان و فێڵباز بوون
هەربۆیە کەمینە هاوکاروانە ڕۆشن فکرەکان
دوای ماندووبوون، مایەپوچانە
دوا سەفەری ماڵئاواییان کرد
یان لە کاروانی تاقمگەرایی هاتنە دەرێ
یان لە گۆشەی بەرژەوەندخوازی ئێوەدا
دیل کراون
لە بەردەوامی ئێستایەکی لێڵ و ئایندەیەکی
نادیاردا
سەراپای ژیانمان بووە،خەراپاتێکی وێرانە
زۆرینەتان لە سیاسی و ڕۆشنبیران
تایبەتر کاربەدەستان
بەرڤایرۆسی یەکتر سڕینەوە کەوتوون
ئێستامان هەروەک ڕابردوومانە
دەژین،کەچی هەر بۆ خۆشگوزەرانی دەچەنگین
ئیدی ئەگەر بمانەوێت،ڕاست بینەوە
دەبێ درەختی نەفرەت هەڵکێشین
لەناوەوەی ناخی خۆمان
بۆ ناوەڕۆکی چەمکەکانی
هاوڵاتیبوون..نیشتیمانیبوون..یاساوداوەرێتی
شۆربینەوە،تا پاکبینەوە و نوێ بینەوە.

## سەگێك هاوڕێمە

### ستار ئەحمەد



من لەبێکەسی
سەگێکم هێنا
کردم بەهاوڕێم
چونکە دەمزانی
ڕۆژگارێ دادێ
بەشێوەی مەسیح
کەلەخاچ دەدرێم
ئەوەتا ئێستاش
کەپرەکەی ئەوە
جێگەی شەوانم
لەنێو یاوەرو
دۆستانی کۆنما
خۆم بەبێکەس و
نامۆ دە زانم
چەرخی زەمانە
چەندە چەپ گەڕێ
لاپەڕەی ڕاستی و
سنگی ماف ئەدڕێ
ئاژەڵ دەخەیتە
پێستی مرۆڤۆ
تاوان دەکەیتە
دەسرازەی درۆ
ئیتر بۆ نەمرم
لەساى سێبەرێ
منەتی زوڵم و
ناکەس هەڵنەگرێ
سەگێك هاوڕێت بێت
لەوە چاکترە
زۆردار پێت بڵێ
سەرت داگرە
لەئاستی جەورو
نالەباری من
ناخی خۆت لەگەڵ
دەروون و هەستا
بکات بەدوژمن .


# چێژی سەرکەوتن و وانەی شکست

## ڕەووف محەمەد ئالانی




(شکست لاوازم ناکات، ئەگەر ئیرادەی سەرکەوتنم هەبێت - جیم ڕۆن)


لە مێژووی خەباتی شۆڕش و ململانێی گەلی کورد بەگشتی و هێزە سیاسیەکان بەتایبەتی، کەمجار بیستراوە وبینراوە، دان بەشکستدا بنرێت.
بەپێچەوانەوە هەموو شکست و دۆڕانەکان بە شێوازی چەواشەکردن و لەخشتەبردن و پاساو هێنانەوە، بە بردنەوە و سەرکەوتن لە قەڵەمدراون،
بۆ ئەم وتانەم چەندین نمونەی بەرجەستە و بەرچاو بونیان هەیە، تا ئەم چرکەساتە هیچ کام لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان دانیان بە شکستەکانیاندا نەناوە، هەر بە نمونە کاتێ شۆڕشی ئەیلول هەرەس دێنێ و کۆتایی بەو شۆڕشە دێت، خەڵک ناوی نا (ئاشبەتاڵ) بەڵام لەبەرامبەر ئەو وشەیە، ئەوانەی لایەنگیری (پارتی دیموکراتی کوردستان) بوون بە ئێستاشەوە، ئەو وشەیە نیگەرانیان دەکات و وشەی (نسکۆ) یان (هەرەس)ی پێدەڵێن، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە نایانەوێ دان بەشکستی ئەو شۆڕشەدا بنێن.
نمونەیەکی تر دوای ئەنجامدانی ڕاپرسی(ڕیفراندۆم)ی ٢٥ی٩ی ٢٠١٧ کە لەبەر بێپلانی و نەخوێندنەوەی دۆخی سیاسەتی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی، ئەو بریارەدرا، لە بەر ناکۆکی و ناتەبایی هێزەکانی ناوخۆ، نیوەی زیاتری خاکی هەرێمی کوردستان ڕادەستی دوژمنانی کورد کرایەوە، بە تایبەت ناوچەکانی کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان، کە ڕۆژەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەربوو، بەپێی هەواڵەکان (ی ن ک) ڕۆڵی لە و کێشەیەدا هەبوو، زۆربەی هەواداران و لایەنگرانی (ی ن ک) پێیان ناخۆشە بەشکست باسی ئەو ڕۆژە بکرێت، کە بەڕای زۆربەی خەڵک خیانەتێکی هاوشێوەی( ٣١ی ئاب)ە کە پارتی لەساڵی ١٩٩٦ لەکاتی شەڕی ناوخۆدا ئەنجامیدا بە هێنانی سوپای داگیرکەری بەعس بۆ سەر هەرێمی کوردستان.
ئەمەی سەرەوە کە باسمکرد تەنها بۆ سەلماندنی ئەوەیە کە ئێمەی کورد ناتوانین دان بەشکستەکانماندا بنێین و وانەی لێفێربین.
دوای ئەو هەموو نەهامەتی وناکۆکی و سەرو و سرینەوانەی یەکتر، لەئێستادا ناکۆکیەکان و دابەش بوون بەسەر جەمسەرە هەرێمایەتیەکان لە هەموو کات زۆرتر و زەقتر دیارە.
هەموو نەتەوەکانی جیهان شکست و سەرکەوتنەکانیان تۆماردەکەن و وانەی لێوەردەگرن و لێی فێردەبن و دووبارەی ناکەنەوە. بەڵام ئێمەی کورد ناتوانین وەک ئەوان بین و لە شکستەکان فێربین، لەمبارەوە (مالکۆم فۆربێس)دەڵێت:( شکست سەرکەوتنە ئەگەر لێی فێربین).
ئەوەی باسمکردوە بۆ هەموو لایەنەکان تەبا و گونجاوە، لە بوارەکانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابوریش.
لە ناو پەند و بەیت وئەدەبیات و کەلتوورماندا ڕەنگی داوەتەوە.
لەدوای ڕاپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و یەکە کارگێڕییەکانی، ساڵ دوای ساڵ خراپتر چاوڕێی خەڵک دەکات، بەڵام وەک هەمیشە، دان بە و شکستانەدا نەنراوە، تا کار گەیشتۆتە ئەوەی حکومەتی هەرێم نەتوانێت موچەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی خۆی بدات و خزمەتگوزاریەکان بێنەخوار بۆ ئاستی سفر.
ئێمە میلەتێکین هەمیشە وابەستەین بە نەریتێکی لە قاڵبدراوی نەرێنی و پلان و پرۆژەمان بۆ ئاینده نیە.
هێندە ئازاری شکستمان چەشتووە، بوینە ئەو مارانگازەی لە هەموو خشپەیەک دەترسین، فەیلەسوفی فەرەنسی (ئیمانوێل کانت) دەڵێت:( ئەو کەسانەی لە شکست دەترسن ناتوانن تامی سەرکەوتن بچێژن).
دوای سی وسێ ساڵ لە حومڕانی خراپ و شکستی شێوازی بەڕێوەبردن و نقومبوون لە گەندەڵی و نادادی و پێشێلکاری لە مافە سەرەتاییەکانی ئازادی،
بەردوامیدان بەو دۆخە نالەبارە هەر بەردەوامن، تەنانەت گوێیان بۆ دۆستەکانی ئەم میلەتەش نەگرت، لەمکاتەشدا کەدەستیان لەبنی هەمبانەکە دەرچووە، خەریکە میلەتێک دەکەنە قوربانی عەقڵی بچووک و تەسکی خێڵگەرێتی خۆیان،
هیچ وتە و پلان و کارەساتێک ناخوێننەوە، چوار مانگ ونیو زیاترە قوتابخاناکانی سنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە داخراون و مامۆستایان بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کردووە، مێش میوانیان نیە، شکستی پەروەردە نیشانەی دارمانی هەموو کایەکانی ترە، نەمانی متمانەش چۆڵکردنی بەرگری و پاراستنی خەڵکە لەم شێوازە خراپەی حوکمڕانیتان.
وتارەکەم بە وتەیەکی (جاک وێلش) کۆتایی پێدەهێنم کە دەڵێت:( لە ژیانەوە فێربووم کە شکست دەتوانێت مامۆستایەکی باش بێت بۆ مرۆڤ، هەروەکو سەرکەوتن).



دیدەم تینووە، بۆ ئەلف بێی ئەمین باڵدار
خەونی جاران، بۆ بینینی دارا و دوو دار
تاسەمان دەشکا، بە چیرۆکی بزن و گورگ
خەمی ئێستا، تەنها بۆ گیرفان و ژێر وورگ
لێم مەپرسن چەند غەمگینم، بۆ شکۆی جاران؟
قێڵا چاوی کوێرکردین، مەرگیش وەکو تەرزە و باران.


**ڕەووف ئالانی**





# زیندانکردنی چرایەک، لەباوەشی براکانیدا

## حەمەعلی



بۆهاوڕیەکی ڕۆح فریشتەیم، کە هەرگیز ڕۆح وجەستە لاوازەکەت لەیادی ناکەم، لەتۆوەفێری خۆشەوویستی خاک ونیشتمان بووم،فێرتکردم تامردن ناپاکی لەخاک وخەڵک نەکەم.

سپێدی بەیانیەک بوو، باران بەلێزمەو بەخوڕ دەباری، ژوورەکەمان کەمێک ساردبوو، زۆپای دارەکەمان کوژابووە، پاسەوانەکانیش تاقەتیان نەبوو زۆپاکە گەرم کەنەوە،ماوەی یەک مانگ من زیندان بووم،شەوانە دەست وقاچیان دەبەستمەوە بۆ ئەوەی ڕانەکەم،خەویشم زۆر ناخۆش وپچڕ پچڕ بوو،ئەگەر ئێشی سەر ئاوم هەبوایە دەست وقاچیان دەکردمەوە،و، دووپێشمەرگە لەگەڵم دەهاتن ودوایش دەست وقاچیان دەبەستمەوە،چەند جارێک هەوڵم دابوو(کەمن ڕاناکەم خۆم من جاش وپیاوخراپ نیم من فکرم جیاوازە لەگەڵ ئێوە،ئەوەش تاوان نیە بەڵام ئەوان منیان بەتاونبار دەزانی) شەوانە ئازارو. ژان. ژیانی من بوو،تاوانم هەر ئەوە بوو،کەمن سەر بەفکرێک وعەقڵێکی جیاوازم،ئەمەش لای ئەمان تاوانێکی گەورە بوو،ئەمان دەیانەوویست خەڵکی گوند وناوچەی ژێر دەستیان وەک حیزبەکەی خۆیان بیربکەنەوە،من و هەندێک خەڵکانی تر لەگوندە ئازادەکاندا،دەمانەوویست بەرێگایەکی تردا بڕۆین وبیربکەینەوە،بەڵام لەناو گرمەو ناڵەی ڕۆژانەی ئەم دەڤەرەدا،ئازادی تەنها بۆخۆیان بوو،هیچ حیزب وڕێکخراوێکی تر نەی دەتوانی لێرە بژی، لەکوچەوکۆڵەنەکانی شاردا دەیان جۆر بیرکردنەوە.و.حیزب هەبوون.هەمووومان دژی حکومەت بووین،زۆر بەشمان یەکترمان دەناسی بەڵام چونکە دووژمنێکی هاوبەشمان هەبوو،یەک دەنگ بووین،دووژمنیش جیاوازی نەدەکردین،کەچی لەشاخ ولەژێر دەستی شۆڕشدا بیرکردنەوە.و.حیزبی نوێ قاچاخ وئازارو سجنی کردنی لەدوابوو،گوندەکەمان ڕۆژانەو شەوانە ئاگر باران دەکرا،هەندێک جار گولەتۆپەکان لەنزیک بارەگاکەی ئێمەدا، دەدران بەزەویدا،فڕۆکەکانی دووژمنش ئاگربارانی شاخ گوندەکەی دەکرد،من زیندانی هاوڕێکانی شاخم بووم.تاوانم تەنها ئەوەبوو لەحیزبێکی جیاوازم،بەتاوانی خیانەتی حیزبی دەستگیر کرابووم،لێپرسراوی بنکە کوڕێکی زۆر باش،جێگرەکەی ڕەق وتووندوتیژ بوو لەگەڵم، دووجار هەڵیواسیم داوای دەکرد ناوی ڕێکخستنەکانی خۆمان وکەسە نزیکەکانمانی پێ بڵێم بەڵام من ویژدانم نەی دەهێشت ناوی هاوڕێکانی خۆم ئاشکرا بکەم..

ئامادەی ئازارو ئەشکەنجەی هاوڕێکەی شاخم بووم، نەک پاکانەکردن،و، ئاشکراکردنی ناوی هاوڕێکانم، جێگردەیووت:ئەگەر دەستەڵاتم هەبووایە ملتم دەکرد بەپەتەوە،و،دەمناردی بۆ دۆزەخ!

پێم ووت:بۆهێندە دڵڕەقیت من بەعس نیم،منیش وەک تۆ لەم شاخەم دەجەنگم بەرامبەر بە،بەعس.ڕاستەفکرمان جیاوازە،بەڵام هەردووکمان برای یەکترین وکوڕی یەک نیشتمانین!

وەڵامێکی زۆر دڵڕەقانەی دامەوە(حاشا من برای تۆ وهاوفکرەکانتنیم،ئێوە لەدوژمن ناپاکتر وخائین ترن،چونکە دەتانەوێ شۆڕش لەناوبەرن وجارێکی هەرەس بەشۆڕش بهێنن)ووتم: من وهاوڕێکانم ناپاکنین دووژمنی شۆڕش نین،تەنها فکرو بیرکردنەوەمان بۆشۆڕش وخەباتکردن جیاوازە! هەرقسەکانم تەواوکرد،بەکلکە خاکەنازێ دەستی کردن بەلێدانم،پڕ جنێوی کردم،پێشمەرگەکانیش نەیان دەوێر هیچ بڵێن، ڕقیان لەوڕەفتارانەی جێگربوو،بەڵام نەیان دەوێرا یەک ووشە بڵێن،چونکە تاونباریان دەکردن بەلاینگری لەمن..

شەوانە لەژوورێکدا زیندان بووم،تابەیانی نەیان دەهێشت بێمە دەرەوە،بەیانیان لەگەڵ پێشمەرگەکان نانم دەخوارد،بەبڕیاری لێپرسراوی بارەگاکە،بەڕۆژ لەگەڵ پێشمەرگەکاندا دەمامەوە،زۆرجاریش هاوکاریم دەکردن،بەیانیەک دوای نان خواردن چووینە بەردەم بارەگاکەمان لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک پیاسەمان دەکرد،لەپڕدا چەند فڕۆکەیەک هاتنە ئاسمانی گوندەکەمان،دوای چەند ساتێک گرمەوناڵە لەچوار دەوری بارەگاکەمان بەرز بووە،دەیان پارچەی گەرم خۆیان کرد بەناو بنکەکەماندا،دووکەڵ وتەپووتۆزێکی زۆر باراگاکەی داپۆشی،هیچمان فریای خۆحەشاردنەوە نەکەووتین،

ڕەشەبایەکی بەهێزیش هەڵیکردوو دوکەڵی سەر بنکەکەمانی برد بەئاسماندا،چەند پێشمەرگەیەک شەهید بوون،ڕێچکەی خوێن جۆگەلەی بەستبوو،تێکڵاو بەخۆڵ ودارو پەردووی خانووەکە بوون،لەولای منەوە جێگر بریندار بوو،خوێن لەجەستەی دەچۆڕا،خێرا کردمە کۆڵ بردم بۆنەخۆشخانەی خوار خۆمان،بەوەباش بوو،نەخۆشخانەکە نزیک بوو،خێرا دکتۆرەکان هاتنە سەری ودوای ماوەیەک بردیان بۆ ژووری نەشتەر گەری،دوای دوو کات ژمێر هێنایانەوە،پێیان ووتم: تاکو نەیەتەوە هۆش خۆی بەتەواوی ئاوخواردنی پێمەدە..

ماوەیەک بێهۆش بوو،دوای هێواش هێواش خەریک بوو.بەهۆش خۆی دەهاتەوە،چاوەکانی هەڵهێناوداوای ئاوی کرد،

پێم ووت:دکتۆرەکان ووتیان نابێ ئاو بخۆیت.تاکو بەتەواوی دێیتەوە هۆش خۆت!

ووتی:تۆ کێیت؟

ووتم:سۆرانی هاوڕێتم!

دیدەکانی لێک نایەوە،ماوەیەکی زۆری پێچوو بەتەواوی بەئاگا هاتەوە،

ووتی:کێ منی هێنا بۆئێرە و لەمردن ڕزگارکردم؟

ووتم :من

دەستی توووند گوشیم،دوو.فرمێسکی یاقووتی لەدیدەکانی هاتنە خوارو بەسەر کوڵمەخوێناویەکەیدا کەوتنە سەرلێوە ووشک بووکەی،سەری بەرزکردەوە.و. دەستی کرد بەماچکردنم بەدەم هەنسکی گریانەوە،

ووتی:تۆفریشتەی ڕاستەقینەی،شەیتانێکت لەمردن ڕزگار کرد..

ووتم :نا هەردووکمان فریشتەین،بەڵام دیلی شەیتانەکانی ڕۆژگارین،چاوەکانی لێکناو خەوبردی بۆناوجیهانە نەزانراوەکەی.

چیرۆکە تاڵەکانی براکانی شاخ..

# جوانترین ئەو شیعرانەی بۆ نەورۆز گوتراون


سایتی وشە

جەژنی نەورۆز کە بە دێرینترین بۆنەی کورد و تەواوی نەوەکانی ڕەچەڵەکی ئارییە، هەمیشە لە لایەن شاعیرانەوە شیعری بەسەردا گوتراوە، ئەمانەی خوارەوە دیارترین ئەو شیعرانەن:

نالی:
تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ
دڵ چونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ



پیرەمێرد:
ئەم ڕۆژی، ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی، کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە



مەولەوی:
نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن
یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن




هێمن:
جێژنی نەورۆزە، شەرابم خەستترە
تا نەڵێن بولبول لە شاعیر مەستترە
جوانی گوت شۆخی لەباری بادەگێڕ:
"ئەو کەسەی سەرمەستترە، سەربەستترە"
"انچنانرا انچنانتر می کند"
شاعیری دەروەست بە مەی دەروەستترە




ئەحمەد خانی:
دانایی موعەممەری کوهەن ساڵ
ئەفرەنگەهە گۆ بۆمە ژ ئەحواڵ
کو عادەتی پیشی ییٚ زەمانان
ئەف بو لە هەمو جیهو مەکانان
وەقتێ وەکو شەهسەواریٚ خاوەر
تەعویل دەکرد دە ماهیٚ ئازەر
یەعنی کو دەهاتە برجیٚ سەرساڵ
قەت کەس نەدەما دە مەسکەن و ماڵ
بیلجوملە دەچوونە دەر ژماڵان
حەتتا دەگەهیشتە پیر و کاڵان
ڕۆژا کو دەبوویە عیدیٚ نەورۆز
تەعزیم ژ بۆمە دەما دڵ ئەفرۆز




حەریق:
ئەڵێن وا جەژنی نەورۆزە دڵم پڕ ئاتەش و سۆزە
وەرە بۆ جەژنە پیرۆزە بدەم ڕۆحم لەبەر ماوم
وەرە سەر چاوەیی چاوم، دەڵێی دەریای عەممانە
تەماشای ئەشکی گوڵنارم لە سایەی چاوی خوێناوم





هەژار:
مزگێنی دا بە سروە بای بەهاری
وا هاتەوە نەورۆزی کوردەواری




گۆران:
ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەف قەف بڕ
ڕۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان دڕ



دڵدار:
گوڵی سوور ئەی کچی نەورۆز ئەریٚ کام دەس لەباغی ژین
لەبۆ یەک دەفعە بۆن کردن بەناکامی ئەتۆی هێنا



حاجی قادری کۆیی:
ڕۆژتە ئەی بایی نەورۆزی لەبن بەفری گران
کانی پێی سڕ بوو چناریش دەستی چوو پەنجەی تەزی
سونبولی زوڵف و گوڵی روخسار و سەروی قامەتی
مانگی نیسان و گوڵان نەیدی لە نێو باخی وزەوی



وەفایی:
نەسیمی بایی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هینا
موریدی عاشقان دیسان پەیامی دولبەری هێنا
نەوید ئەی عاشقانی دڵفگار یار هاتە سەر خەندە
سەڵا ئەی بولبولان دیسان درەختی گوڵ بەری هێنا




شێخ نافیع مەزهەر (شپرزە):
شەماڵ لە لووتکەی کێوی نەکەرۆز
هێنایە سەقز پەیامی نەورۆز
وتی ئەم جەژنەی کاوە و فەرەیدوون
لە کوردانی پاک پیرۆز بێ پیرۆز




ژیلا حسەینی:
وا نەورۆز دێ و شاخ، دارستان دائەسپارێ
کانی و رووبار وەک ساڵی پار
گوڵاڵەکان بکەن بە ئەڵقەو ملوانک بۆ مل کۆسار
زۆر بەپرتاو نامەی دڵداری ئەنێرێ بۆلای هەتاو
دەستی بەسەرخاکدا دێنێ
بە هێمنی ئەیدوێنێ




مامۆستا حەقیقی:
مزگێنی بێ هات ساڵی نوێ
خۆشی دوای خۆشی جوێ بە جوێ
بڵێن بەخت چیدی نەنوێ
ئەستێرەی مەش سەری ناسوێ
وە بیرت دێ چمان دی دوێ
زوو راپەڕن مەبن شلوێ
ئەوا هات پەیکی ئازادی
بە رووخۆشی و کەیف و شادی
کۆشێ گوڵی گەشی پێیە
مەعلووم بەشی مەشی پێیە
ئەڵێ: گەلی کورد نەورۆزتان پیرۆز





رەحیم لوقمانی:
رۆژ لە ئاسۆی سوور شەوق ئەداتەوە
ئەڵێ ئەمساڵیش نەورۆز هاتەوە..
کەوی دڵداری ئازادی و جوانی
دەروونی کەیلی سۆزی گۆرانی
بەری حەسرەتی دڵ ئەکاتەوە
بانگی پەڕاوپەڕ دەنگ ئەداتەوە
لە سەر قەندیل و شاهۆ و نەکەرۆز



مەلا رەحمان ئاوارە:
یادگاری چەکوشی کاوەیە نەورۆز
قەڵای زوحاکی کرد بە تەپ و تۆز
ئاوری تۆڵەیە، بۆکوردەواری
لە رەش و رووتی کودستان پیرۆز



هێدی:
جێژنی کۆن و ساڵی تازەی کوردەواری هاتەوە
هاتەوە ئاگری خەباتی ئەو گەلە خۆش کاتەوە
هاتەوە جوانتر لە جاران جێژنی کاوەی قارەمان
شوێنەواری میدیا باپیرە گەورەی کوردەکان



مەلا کەریمی زاری:
سەبا هەستە لە خەو نەورۆز واهات
بڵێ با لەشکری زستان بڕوات
بەسە جەور و جەفای بەهمەن و دەی
لە دڵ سەبر و لە تەن خۆ گیان دەرهات
بە سەرمانا کرێوەی بەفر تاکەی
بدات و داپۆشێ شار و دێهات
هەتا کەی تەم بەری خورشێد بگرێ
لە رووناکی بەری بن هەردو باغات..
لە بەندیخانەکەی دەردێ گوڵاڵە؟
ئیلاهی تا بولبول بگات بە ئاوات
بە ئاوی شەونمت پێویستە سەوزە
سەر و زڵف و دەم و چاوێک بشوات
سەبا بێ دێرە نازانی کە "زاری"
لە جەوری بەهمەن و دەی چی بە سەر هات؟







# ئەشرەف موسا ئەیوبی، فەرمانڕەوای سەنتاسەری کوردستان

ئەشرەف موسا کوڕی سوڵتان عادلی یەکەم ئەیوبیە (برای سوڵتان سەلاحەدین ئەیوبی)، لەدایک بووی ١١٧٨ی یاخود ١١٨٢ز لە کەرەک یاخود قاهیرەیە.
لەساڵی ١٢٠١ز، لەلایەن باوکی کرایە پارێزگاری گەزیرەک (جەزیرە). لە ساڵی ١٢٠٧ز، لەجەنگی نێوان ئەیوبییەکان و گۆرگیەکان (جۆرجیەکان). کە یەکێ بوو لە سوپا سالارەکانی ئەیوبیان. لەم جەنگەدا ئەیوبییەکان بەسەر گۆرگیەکان سەرکەوتن و توانیان دەست بەسەر خەلات و موش و واندا بگرن. لە ساڵی ١٢١٠ز، لە دوای مردنی مەلیک ئەوهەد ئەیوبی میری میافارکین. ناوچەی فەرمانڕەوای زیاتر بوو کە تا نێزیکەی هەموو بلاد اکراد (کوردستان) لەخۆ گرتەوە کە لە جبل اکراد (چیای کوردان، ئەفرینی ئێستا) تا ناوچەی دۆنبەلانی داسنیان ( خۆی، ڕۆژهەلاتی کوردستان). سکەی بە ناو و وێنەی خۆی و سوڵتان سەلاحەدین لێدەدا لە هەموو شارەکانی کوردستان، چەندین شانشین و میرنشینی کوردی موسڵمان و ئێزیدی لەژێر ڕکێفی ئەودا بوون. کە ئەوانیش میرنشینی هەکاری هەزەبانی، میرنشینی داسنی، میرنشینی دۆنبەلان، میرنشینی ڕۆژاك یاخود بەدلیس، میرنشینی کلس و میرنشینی مەلکشیەکان.
تا ساڵی ١٢٢٩ فەرمانڕەوای ئەو خاکانەی کرد، دوای ئەمە توانی دەست بەسەر شامدا بگرێت و کۆتای بە فەرمانڕەوای سوڵتان ناسرِ دواد بێنێت و خۆی ببێتە فەرمانڕەوای ئەیوبییەکان لە شام و موزەفەر غازی برای ئەکاتە فەرمانڕەوای کوردستان. ئەشرەف موسا تا مردنی لە ١٢٣٧ز وەکو فەرمانڕەوای شام مایەوە و براکەی  بە ناوی مەلیک ساڵح عیمادەدین جێی گرتەوە.
مەلیک ئەشرەف موسا سێ ژنی هەبوو.
ژنی یەکەمی بەناوی تەرژان خاتون کە بەندێکی (کۆیلەی) تورکی غەز بوو. ژنی دووەمی براژنی بوو (هاوسەری برای)، بەناوی تەمتا مخارگاردزلی، کە سەر بە خانەدانی گاوری کوردی زەکەریەکان بوو. ژنی سێیەمی کچی سوڵتان کەیخۆسرۆو سەلجووکەکانی ڕۆم بوو. مەلیک ئەشرەف موسا خاوەن هیچ کوڕێک نەبوو تەنها کچی هەبوو بۆیە برایەکانی ئەبوونە جێنشینی.

**لە مێژووی بۆ کورد وەرگیراوە**





# ڕۆژێکیان ڕۆژی حەشر، ئێوارە

ڕۆژێکیان قیامەت نەفخی سوور، ئێوارە لەپردا، ئێوارە
هاتن و خۆیانکرد بە زام و زریکە و ناو ژان و
ناو ماڵ و ناو باخدا، خۆیان کرد بە خەون و خەیاڵدا...ئێوارە
"بارق"هات،
مردن هات بە جلی عەسکەری و
بە تاج و نەجمەوە،
"بارق"هات.
غەزەب هات بە خودەی ئاسن و ئاگر هات
بەجووتێ چەکمەوە...
بەڵا هات خۆڵایی و سەحرا هات
بە گڤە و لورەوە،
دۆڵپا هات پۆستاڵی پۆلاڕێژ لەپێداو
تاعوون هات عەگالی لەسەرداو،
زمانی شینکیی خۆم پێش تیغی سەرملم ئەکەوت و،
قەمسەڵەی خاڵ خاڵی دووکەڵ و عاگولی لەبەردا،
قاچی خۆم، قاچی خۆم، ئەچووە ناو بۆسەوە بۆ سەرم و
دەستی خۆم، دەستی خۆم، تابوتی چێ ئەکرد بۆ لەشم و
پەنجەی خۆم، پەنجەی خۆم، ئاگری لەشاڕای گیانی خۆم بەرئەدا و
ڕەنگی خۆم سوتاو و ڕەنگی خۆم سوتێنەر
ڕەنگی خۆم جامانەی بۆ حەربە ئەبەست و
دەنگی خۆم پێش هاوەن ئەکەوت و
چاوی خۆم، چاوی خۆم، چاوی خۆم
هەناوم و کانیم و چرامی نیشانی عوجاج و لم ئەدا،
ئێوارە لە پردا ئێوارە، بارق و کاسکێت و یاشێخ و جامانە و
پشتێنی گوڵ گوڵی و خەنجەری دەبان و
دووربینی گەردن و دەمانچەی کەلەکە و
شەڕواڵ و دزداشە و شەجەرەی سەیید و تێکەڵەی خەفیفە و
غەوارە بەجلی دەبابە و کڵاوی ڕاجیمە و چاویلکەی قەمەوە
پێکەوە هاتن و خۆیان کرد بە ماڵە سەوزەکەی ڕەحمانداو
بە ژوورە سپییەکەی قورئاندا و
لەسیمای نوورانیی میحرابدا
لەوێدا: گۆشاوگۆش
سورەتی "بەقەرە و نیساء" و"مریەم و یوسفیان"،
وەک مانگا زەردەکەی خانزاد و
یوسفی هەڵەبجە و
ئاسکەکەی مەولەویی و
مریەمی بادینان سەربڕی!

**شێرکۆ بێکەس**






# ڕۆژژمێری کوردی

ڕۆژژمێری کوردی یان ساڵنامەی کوردی ساڵێکی هەتاوییە واتە بەگوێرەی سووڕی زەوی بە دەوری هەتاودا ژمارەی مانگەکان و دەستپێک و کۆتاییی ساڵەکان و ساتی گۆڕان بۆ ساڵی نوێ، کتومت هەروەک ساڵی ئێرانییە، بەڵام دوو جیاوازیی سەرەکیی هەیە کە بریتین لە:

1. ڕۆژژمێری کوردی بەپێچەوانەی ڕۆژژمێری ئێرانی، کۆچی نییە بەڵکوو ساڵی ١ی ڕۆژژمێری کوردی ئەو ساڵەیە کە ئیمپراتۆریی مەزنی ماد لەلایەن دیاکۆوە دامەزرا ئەویش ٧٠٠ ساڵ پێش زایین بوو.
2. لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباددا ناوی مانگەکان کران بە کوردی کە بریتین لە:

- بەهار :خاکەلێوە (نەورۆز) (هەرمێ پشکوان) - بانەمەڕ) گوڵان ( -جۆزەردان
- هاوین :پووشپەڕ - خەرمانان - گەلاوێژ
- پاییز :ڕەزبەر - خەزەڵوەر) گەڵاڕێزان - (سەرماوەز
- زستان :بەفرانبار - ڕێبەندان - ڕەشەمە) ڕەشەمێ(

مانگەکانی کۆچی هەتاوی

| مێژووکانی زایینی | ناوەکەی بە فارسی | ناوەکەی بە کوردی | ژمارەی ڕۆژەکان | ڕیزبەندی مانگەکان |
|---|---|---|---|---|
| ٢١ی ئازار - ٢٠ی نیسان | فەرڤەردین (فروردين) | خاکەلێوە | ٣١ | ١ |
| ٢١ی نیسان - ٢١ی ئایار | ئۆردیبێهێشت (ارديبهشت) | گوڵان | ٣١ | ٢ |
| ٢٢ی ئایار - ٢١ی حوزەیران | خۆرداد (خرداد) | جۆزەردان | ٣١ | ٣ |
| ٢٢ی حوزەیران - ٢٢ی تەمموز | تیر (تير) | پوشپەڕ | ٣١ | ٤ |
| ٢٣ی تەمموز - ٢٢ی ئاب | مۆرداد (مرداد) | خەرمانان | ٣١ | ٥ |
| ٢٣ی ئاب - ٢٢ی ئەیلوول | شەهریڤەر (شهريور) | گەلاوێژ | ٣١ | ٦ |
| ٢٣ی ئەیلوول - ٢٢ی تشرینی یەکەم | مێهر (مهر) | ڕەزبەر | ٣٠ | ٧ |
| ٢٣ی تشرینی یەکەم - ٢١ی تشرینی دووەم | ئابان (آبان) | خەزەڵوەر | ٣٠ | ٨ |
| ٢٢ی تشرینی دووەم - ٢١ی کانوونی یەکەم | ئازەر (آذر) | سەرماوەز | ٣٠ | ٩ |
| ٢٢ی کانوونی یەکەم - ٢٠ی کانوونی دووەم | دێی (دی) | بەفرانبار | ٣٠ | ١٠ |
| ٢١ی کانوونی دووەم - ١٩ی شوبات | بەهمەن (بهمن) | ڕێبەندان | ٣٠ | ١١ |
| ٢٠ی شوبات - ٢٠ی ئازار | ئێسفەند (اسفند) | ڕەشەمێ | ٢٩/٣٠ | ١٢ |




ئەمساڵی کوردی :٢٧٢٣ (کوردی)

بەراوردی ساڵی کوردی لەگەڵ ساڵی هەتاویی کۆچیدادەستکاری

ساڵی کوردی «١٣٢١» ساڵ لە ساڵی ئێرانی گەورەترە. ئەگەر ئەمساڵ ساڵی (١٤٠٣)ی هەتاوی بێت، ئاوا دەبێتە کوردی: (٢٧٢٣ = ١٣٢١ + ١٤٠٣)

یان ئەگەر ساڵی کوردیمان هەبێت، بۆ ئەوەی بیکەینە ساڵی کۆچیی هەتاوی (ئێرانی) بەپێچەوانەی سەرەوە دەکەین (١٤٠١ = ١٣٢١ - ٢٧٢٣)

بەراوردی ساڵی کوردی لەگەڵ ساڵی زایینیدادەستکاری

یەکەم ساڵی دەستپێکی ڕۆژژمێری کوردی ٧٠٠ ساڵ پێش لە زایین بووە. بەهاری ئەو ساڵەش دەستپێکی ساڵەکە بووە. هەروەکوو چۆن ساڵی کۆچیی هەتاوی هاوکات نییە لەگەڵ ساڵی زایینیدا، ساڵی کوردیش لەگەڵ ساڵی زایینیدا هاوکات نییە. ساڵی کوردی ٧٠٠ ساڵ لە ساڵی زایینی گەورەترە. بۆ گۆڕینی ئاوا دەکەین:

1. ئەگەر لە نێوان ١ی ژانڤییەی ساڵی زایینی تا ٢٠ یان ٢١ی مارس (واتە ١ی نەورۆز) بێت، ٦٩٩ ساڵ دەخەینە سەر ساڵە زایینییەکە، دەبێتە ساڵی کوردی، بۆ نموونە ئەگەر ساڵی ٢٠٠٥ بێت ئاوا دەکەین: (٢٧٠٤ = ٦٩٩ + ٢٠٠٥)

کە ئەگەر ساڵی کوردیمان هەبێت بەپێچەوانەی سەرەوە دەکەین:(٢٠٠٥ = ٦٩٩-٢٧٠٤)

1. ئەگەر لە نێوان ٢١ی مارس تا ٣١ی دیسامبر بێت، ٧٠٠ دەخەینە سەری. بۆ نموونە ئەگەر ٢٠٠٥ بێت ئاوا دەکەین: (٢٧٠٥ = ٧٠٠ + ٢٠٠٥)

کە ئەگەر ساڵی کوردیمان هەبێت بەپێچەوانەی سەرەوە دەکەین: (٢٠٠٥ = ٧٠٠-٢٧٠٥)

ویکیپیدیا

# تڕاویلکەی هەڵبژاردن وچارەنووسی هەرێم

د. کامەران مەنتك
2024\3\18



ئەو گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەی دوای رووخانی بلۆکی رۆژهەڵات هاتە ئارا ودەرفەتی دروستبوونی هەرێمێکی هێنایە ئارا، کە دەکرا بکرێتە بنەمایەك بۆ گۆڕانکاری زۆر گەورەو چارەنوسئامێز لە هەموو بەشەکانی تری کوردستان، لەقۆناغەکانی کۆتایدایە، بۆیە چارەنووسی ئەو هەرێمەش بەو شێوەیەی ئێستا لەبەردەم مەترسییەکی جدی دایە. لەبەرئەوەی گۆڕانکارییەکان رێك پێچەوانەی ئەو ئاڕاستەیەن، کە لە نەوەدەکانەوە دەستییپێکردووە، ئەوەی جێگەی داخە بەناوی ئۆپۆزسیۆن بوون بەرگریکردن لەمافی خەڵك، چاوی بەشێکی زۆر گیراوەو بواری بینینی ئەو راستییە سادەیەیان نەماوە، یاخود نایانەوێت بیبینن!

کورد لەماوەی سی و سێ ساڵی رابردوودا نەیتوانی پێگەی خۆی لە کۆی دیمەنە جیۆستراتیژییەکەدا بەوردی دیارییبکات وستراتیژێکی نەتەوەیی ونیشتیمانی دابڕێژێت، بۆیە بوو بەکارتێکی چرووك و بەکێشە ناوەخۆییەکانەوە خەریك کرا، ئەو دنیابینییە بە تەنیا هێزە باڵادەستەکانی هەرێمیان نەگرتەوە، دەتوانین بڵێین کۆی کۆمەڵگەی کوردی گرتەوەو دەنگێکی جیاواز نەبیسترا، ئەمە وایکرد لەژێر رۆشنایی ململانێیە بچووکەکانی ناوەخۆوە سەیری مەسەلەی نەتەوەیەك بکرێت وملشکاندنی یەکتر لەسەر حیسابی مەسەلە نەتەوەییەکان ببێتە ستراتیژی حیزبەکان، بەدەسەڵات وئۆپۆزسیۆنەوە، یاخود ئەوانەی چاویان لە پارچەیەك کێك بوو بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە کاریان دەکرد.

ئێمە ئێستا لەکۆتایی قۆناغێکداین، یاخود دەرفەتێکداین، کە گۆڕانی هاوسەنگی جیهانی وسیستەمی تاکجەمسەری بۆی دروستکردین، نەخشەکان خەریکە بەشێوەیەك دادەڕێژرێتەوە هەمدیس هیچ حیاسبێکی بۆ کوردو مەسەلەی کورد تێدا نییە، کەچی وەك ئەوەی سوێندیان خواردبێت لەبەرلووتی خۆیان زیاتر نەبینن، بەردەوامن لەو ململانێیە مناڵکارانەو بەرژەوەندیخوازانەی، کە بەروونی ئەوە نیشان دەدات، جگە لەمانەوەی خۆیان هیچ شتێکی تریان گەرەك نییە. سەیر لەوەدایە تاوەکو ئێستا لەو بڕوایەدان لەرێگەی هەڵبژاردنەوە دەتوانن هاوسەنگی هێز لەهەرێم بگۆڕن ولایەك ملی لاکەی تر بشکێنێت، بەبێئەوەی لەوە تێبگەن ئەو دابەشکارییەی هەرێم دابەشبوونێکی جیۆپۆلەتیکییەو پێویستی بە دنیابینییەکی قووڵتر هەیە، لەو ناوچە سەختانەی لەجیهاندا هەیە هیچ کاتێك هەڵبژاردنێکی بێگەرد ئەنجام نادرێت وگرەو کردن لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان وەك گرەو کردن لەسەر ئەسپێکی تۆپیو وایە، ئەمە سەرباری ئەوەی خودی هەڵبژاردن وپرۆسەی دیموکراسی لە دنیادا لە قۆناغەکانی چرووك بوون بێبایەخ بوون دایە ، هەڵبژاردنەکانی  خودی ئەمریکا گەواهی لەسەر ئەم راستییە دەدەن، گومان لەسەر دەرچوونی ترامپ و دواتر دەرنەچوونی باشترین بەڵگەن بۆ ئەم خوێندنەوەیە، لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی روسیاش، کە ئەمشەو سەرکەوتنی پوتین راگەیەنراو نارەزایەتیەکی زۆری لێکەوتەوە، زیاتر گومانی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن دروست کردووە.

لە راستیدا جیهانگەرایی وشۆڕشی گەیاندن درۆودەسەلەو تەشقەڵەکانی سیستەمی دیموکراسی وگەمەی سیستەمی سەرمایەداری خستە بەرچاوی هەمووان وبۆهەمووانی ئاشکرا کرد، ئەگینا ئەوەی پێی دەگوترێت سندووقی دەنگدان لەبنەڕەتدا گەمەیەکی سەرمایەداری و هەوڵدان بووە بۆ سەپاندنی ئەو ئاڕاستەیەی خزمەت بەو سیستەمە دەکات، لەکاتێکدا ئەگەر رووی راستەقینەی ئەو سیستەمەش بخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە سەرمایەداری نەك خزمەت بە ئازادی ومافەکانی مرۆڤ وەدادپەروەری کۆمەڵایەتی نەکرد، کە وەك دروشمێك بەرزیکردەوە و وەك سۆفت پاوەرێك لەگەمە جیهانییەکەی خۆیدا بەکاریهێنا، بگرە جۆرێك لە بەکۆیلەکردنی کۆی کۆمەڵگەی بەرهەمهێنا، کە بەنوێترین وگشتگیرترین نمونەی کۆیلایەتی دادەنرێت لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا. بۆیە گەلانی زیندوو چارەنووسی خۆیان بەو میکانیزمە سادەیە نابەستنەوە، کە تەنیا ئامرازێکی گەمەکردنی سیاسییە لە دووتوێی ستراتیژێکی گەورەدا، کە لەسەر بنەمای جیۆستراتیژیاو پێگەو بەرژەوەندی وڵات لەو بلۆکە جیۆستراتیژییەدا دیاریدەکەن.

چاوەڕوانکردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە مانگی شەشی ئەمساڵ، چاوەڕوانکردنی گۆدۆییانەیە، لەبەرئەوەی ئەو هەڵبژاردنە، بەگوێرەی ئەو دۆخە سیاسییەی ناوچەکەی پێیگەیشتووە، وا دێتە بەرچاو لە فریودان وخەریك کردنی خەڵکی کوردستان بەگەمەیەکی قێزەونی ناوەخۆییەوە زیاتر نەبێت، لەکاتێکدا ئەوان خەریکی دارشتنەوەی ناوچەکە، یاخود دابەشکردنەوەی کوردستانن ودەیانەوێت دوا بزماری ژەنگاوی لە خەونی کوردی بدەن، وەك لەزۆر شوێنی تر ئاماژەمان پێکردووە، ئەو دابەشکردنە نوێیەی کوردستان، کە بەکرداری کاری تیادەکرێت وبەڕیوەیە ودەرئەنجامی قۆناغی شۆڕشی گەیاندنە، زۆر لەو دابەشکردنەی کوردستان مەترسیدارترە، کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لەسەر بنەمای دابەشکردنی جوگرافی هاتە کایە وماوەی زیاتر لە سەدەیەکە کورد بە دەستییەوە دەناڵێنێت، ئەم دابەشکردنە نوێیە دابەشکردنێکە لەسەر بنەمای جوگرافیاو دیمۆگرافیای کوردستان، خەریکە مۆرکی کوردبوون لە پانتاییەکی گەورەی جیۆپۆلەتیکی خاکی کوردستان دەسڕنەوە، واتە دەیانەوێن چارەسەری مەسەلەی کورد لەسەر بنەمای نەهێشتنی هەموو ئەو خاڵانە بکەن، کە کوردستان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەو پلانە گەورەیە لەرێگەی ئەو هەڵبژاردنەو هیچ هەڵبژاردنێکەوە چارەسەر ناکرێت، هەرچەندە هەموو ئاڕاستەکانیش زیاتر بەرەو ئەوە دەچن، کە ئەو هەڵبژاردنەش بە دەردی هەموار کردنەوەی بۆجە بچێت، کە بڕیار بوو لە ساڵی نوێدا ئەنجام بدرێت ودواتریش لەرێگەی بڕیارێکی دادگای فیدراڵیدا ئەو هەموارکردنەوەیە لەتابوت نراو پڕۆژەکەی هەموارکردنەوەش لە سندووقی سەرۆکایەتی وەزیراندا زیندانی کرا، ئەگەرێکی زۆر و بەهێزیش هەیە لە دوا چرکەدا هەڵبژاردنیش بە هەمان دەرد بچێت، ئەو رێکەوتنەی ئەم دواییەی نێوان ئێراق وتورکیا، کە دیارە لە بنەڕەتدا رێکەوتنی نێوان ئێران وتورکیاشەو ئەو لەشکرکێشییەی لەناوچەکەدا بەڕێوە دەچێت، هەمووی ئەگەری ئەنجامدانی هەڵبژاردن لاوازتر دەکەن.

کەواتە لەجیاتی ئەوەی کورد، خۆی بەو یارییە قێزەونەوە خەریك بکات ودواچرکەکانی ئەزموونەکەی خۆی بەوە بکوژێت، واباشترە ئەو راستییە ببینێت، کە هەڵبژاردن وەك چۆن لە رابردوودا کێشەکانی نەك چارەسەر نەکرد، بەڵکو قووڵتریکردەوە، لە ئێستاشدا هەمان رۆڵ دەبینێت وکێشەکان نەك قووڵتر دەکاتەوە، بەڵکو رەنگە بەیەکدادانی سەربازیشی لێبکەوێتەوە، بۆئەوەی دەرفەتێکی باش بۆ هێزە هەرێمییەکان بگونجێت، کە ئەو مێردەزموکەی ناوی هەرێمی کوردستانە، بەیەکجاری لەگۆڕنێن، لەم دۆخەشدا، ئەوانەی پێیان وایە دەتوانن ملی لاکەی تر بشکێنن، خۆیان دەبنە قوربانی یەکەم، لەبەرئەوەی هەمووان لەناو یەك کەشتینە، کە لەهەموو لایەکدا کونی تێدەکرێت، بەداخەوە بەشێکی زۆر لەو کونکردنانە لەلایەن هێزە کوردیەکان خۆیانەوەیە.

باشترین چارەسەر لەو دۆخەدا، بەستنی کۆنفراسێکی نەتەوەیی وهەوڵدانە بۆ بەیەکەوە کۆکردنەوەی هەموو هێزەکانی کوردی، نەك بەتەنیا لە باشووری کوردستان،

بگرە لە هەموو کوردستان، چونکە پلانەکە ئەگەرچی لەسەر خاکی باشوور، کە گرنگترین پارچەی جیۆپۆلەتیکی کوردستانە دەگوزەرێت، چارەنووسی هەموو کورد دیار دەکات، لەو دۆخە ئاڵۆزە دەبێت هێزە کوردییە کار لەو ئەو خاڵانە بکەن، کە لەسەری کۆکن، هەرچەندە کەمیش بێت، نەك لەو خاڵانەی جیاوازیان هەیە، راستە ئەمە نەك هەر کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو بەهۆی ئەو شەڕە میدیایی وەدروونییەی لەهەرێمی کوردستان دەگوزەرێت، جێگەی گاڵتەجاری بەشێکی زۆر لەخەڵکی هەرێمیش دەبێت، بەڵام چارەسەری راستەقینە ئەوەیەو کورد گەرییەوێت ئەو قۆناغە سەختە تێپەڕێنێت، دەبێت بەناچاری مامەڵە لەگەڵ ئەو واقعەدا بکات، کە هەیەو نەك لەگەڵ ئەوەی خۆی دەیەوێت، دانیشتنی هەموو هێزە کوردییەکان بەیەکەوە ودانانی ستراتیژێکی نیشتمانی بۆ رزگاربوون لەو دۆخەدا، دەبێت زۆر کەس ناچار بکات، وەك کورد دەڵێت پێ لەجگەری خۆی بنێت وملکەچی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەو نیشتمانەکەی بێت، ئەگینا ئەوان بەرپرسی یەکەم دەبن هەر شتێك بەسەر کورد دابێت، جا ئەو بەررسیارییەتییە بەهەرشێوەیەك بەسەریان دابەشبکرێت وهەریەکەی بڕی چەندی بەردەکەوێت، گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە بەرپرسیار دەبن بەرامبەر مێژوو بەر لەهەموو کەسیسش خۆیان بە پلەی یەکەم دەبنە قوربانی ئەو دۆخە، بۆیە بەکارهێنانی کارتی دوا چرکە، ڕەنگ بێت چارەسەرێکی ئەفسووناوی نەبێت، بەڵام لەو دۆخەی دەگوزەرێت باشترین چارەسەرەو دەبێتە بنەمایەك بە لایەنی کەم بۆ ئایندەیەکی کەمێك رووناکتر.






# مێژووی گردی مامە یارە و نەورۆز

گردی مامە یارە پێشتر ناوی گردی (گول ) بووە دواتر ناوەکەی گۆڕاوە بە (گوڵ ) دوای ئەوەش بووە بەگردی مامە یارە

بۆ ناوی گول بووە !!!

بەپێی گێڕانەوەکانی خەڵکی شاری سلێمانی کەتۆمار کراوە چەند خێزانێك لەکوردستان ڕۆژ هەڵات دێنە سلێمانی نیشتە جێ بن ، بەڵام چەند کەسێکیان نەخۆشی پێستیان دەبێت کەئەو سەردەمە بەتێکچوونی پێست و ڕوخسار وتراوە نەخۆشی گولی ، خەڵکی سلێمانی نەیان هێشتووە لە ناو شاری سلێمانی نیشتە جێ بن وەدڵیشیان نەهاتووە بیان گەڕێننەوە بۆ کوردستانی ئێران وتویانە لەو گردە نیشتە جێ بن بەدور لەخەڵکی شار با ئەو نە خۆشیە بڵاو نەبێتەوە ، دواتر بەتێپەڕ بوونی کات ئەو گردە ناونراوە گردی (گولەکان ) پاش ماوەیەکی زۆر خەڵك سەردانیان کردوون بینیویانە چاك بونەتەوە هاتونەتەوە شار وتویانە (گول) ەکان ، بوون بە (گوڵ) ەکان ، بەتێپەڕ بوونی کات ئەو گردە ناونراوە گردی گوڵەکان گردی ( گوڵان )، وەدوای ئەم ناوەش کەمامە یارەی ساحێبقران نیشتەجێ دەبێت لەوێ خۆی چەند سەربازێکی ، کەمامە یارە بەناوبانگ ترین ئەفسەری میریشینی بابان دەبێت ئەو گردە دوای ئەو دوو ناوە ناو دەنرێت گردی مامە یارە

پیرەمێرد زۆر نرخ و بەهای بۆ مامە یارە داناوە ڕێزی مێژوو ئازایەتی ئەو پیاوەی گرتووە

نەورۆزی گردی مامەیارە چۆن بووە؟

لەو ڕۆژەدا پیرەمێرد خواردنی یاپراخی دروست کردووە و بردوویەتی بۆ خەڵک لەوێ بیخۆن، هەروەها وەکو سیمبۆلێکیش، لەو ڕۆژەدا 12 سەماوەر، بەپێی هەر 12 مانگی ساڵ لەوی جۆشدراوە و چایی بەسەر خەڵکدا دابەشکراوە، پیرەمێرد خوێندکار و قوتابیە کوڕ و کچەکانی لەگەڵ خۆی بردووە بۆ چالاکی نەورۆز و چەندین چالاکییان پێشکەشکردووە، لەو ڕۆژەدا هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی نەکراوە و ژن و پیاو بەشدار بوون لە مەراسیمی نەورۆزدا، ئیتر بووە بە نەریتێکی بەردەوام و پیرەمێرد ساڵانە کردویەتی، تا ئێستاش زۆربەی خەڵک لەو ڕۆژەدا دەچنە دەرەوە و یاپراخ لەگەڵ خۆیاندا دەبەن و بە هەڵپەڕکێ و گۆرانی ئەو ڕۆژە پیرۆز دەکەن، هەر بەو بۆنەیەشەوە پیرەمێرد شیعری نەورۆزی نووسیوە، دواتر لەلایەن ساڵح دیلان شیعرەکە کراوەتە گۆرانی، ئێستاکەش زیاتر لە نیو سەدەیە کە گۆرانی نەورۆز بە دەنگی حەسەن زیرەک لە ڕۆژانی نەورۆزدا لە هەموو شوێنێکی کوردستان ( ئەمڕۆژی ساڵی تازەیەی نەورۆزە هاتەوە، جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و ەهاتەوە) دەبیسترێت.

نەورۆز و ئەدمۆنزی حاکمی ئینگلیز

ئەدمۆنز کە حاکمی ئینگلیز بووە لە عێراق، لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥ دێتە سلێمانی بە مەبەستی خواحافیزی لە خەڵکی سلێمانی، لەو سەردەمەشدا پارێزگاری سلێمانی مەعروف جیاووک بووە، لەو یادەدایە کە فایەق بێکەسی شاعیر شیعری 27 ساڵە من ڕەنجبەری تۆم دەخوێنێتەوە، ئیتر دوای ئەوە دەبێتە خۆپیشاندانێکی گەورە و دێنە ناو شار و لەبەردەرگای ماڵی موتەسەریف کۆ دەبنەوە.

لەو بارەیەوە د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ئاماژە بەوە دەکات کە: پیرەمێرد لە جەژنی نەوروزد خەڵکی شاری بانگ دەکرد، ئینگلیزەکانیش دەهاتن، هەر ئەوەش بوو کە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥ فایەق بێکەس، شیعری (٢٧ ساڵە من ڕەنجبەری تۆم)ی لە دژی (ئەدمۆنز)حاکمی ئەو کاتەی ئینگلیز لە کوردستان خوێندەوە، لەو کاتەدا نەورۆز دەبوو بە جەژنی بەهار و جەژنی کوردایەتی، ئەو ڕەمزی کوردایەتییە پیرەمێرد بە نەورۆزی بەخشی.

پیرەمێردی شاعیر، ئامانجی لە زیندووکردنەوەی مەراسیمی جەژنی نەورۆز ئەوەبووە، کە بیکاتە سیمبولی تێکۆشانی گەلی کورد بەرامبەربە داگیرکەران، هەروەها ئامانجی لە هەڵبژاردنی گردی مامەیارە، ئەوەبووە کە ڕۆحێکی تێکۆشەرانەی وەک مامەیارە بۆ نێو تاکی کورد بگەڕێنێتەوە کە تا کۆتایی بەرگریی لە خاک و گەلی کوردستان بکات و هیچکات لەبەر دوژمن هەڵنەیەت و گەل و خاک بۆ داگیرکەران بەجێ نەهێڵێت وەک چۆن مامەیارە هەڵنەهات لەبەردەم سوپای داگیرکەری عوسمانیدا.




نووسینی : ئامانج مەسرەف
چاووگی زانیاری;roie news
د. عزەدین مسەفا ڕەسوڵ
نووسەر کاك دانا عمر

# ٤٩ ساڵەی ڕێکەوتنی جەزائیر و شکستە کارەساتبارەکەی جوڵانەوەی چەکداری لە باشوری کوردستاندا



کورد و کیسنجەر
سەرەتایەکی کێشەدار و
کۆتاییەکی کارەساتبار
تێبینی:
ئەم نووسراوەی بەردەست کورتکراوەیەکی چڕی لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی هەرە دواییمە بە ناونیشانی ((کورد و کیسنجەر: سەرەتایەکی کێشەدار و کۆتاییەکی کارەساتبار)). لینک، یا پەیوەندی لێکۆڵینەوەکە لە کۆتایی ئەم نووسراوەدا بەرچاو دەکەوێت.
-
-
پێشەکی:
هێنری کیسنجەر، یەکێک لە ناودارترین دیپلۆماتکارەکانی ئەمریکا، بە لە ماوەیەک، لە ٣٠-١١-٢٠٢٣ لە تەمەنی سەد ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. کیسنجەر ئەو دیپلۆماتکارەیە کە بە توندی جێگای خۆی لە یادەوەری بە کۆمەڵی خەڵکی کورستان، بە تایبەتی لە باشوری کوردستان، کردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشی تا ئێستا هیچ دیپلۆماتکارێکی بیانی لەو ئاستە لە گرنگی و ناوداری، بە رادەی کیسنجەر، ئەو ئامادەییەی لەو یادەوەرییەدا نەبووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە ناو کوردا بە هەڵەتێگەیشتنێکی زۆر لە پێگەو رۆڵی کیسنجەردا هەیە، بە تایبەتی پەیوەندیدار بە نسکۆ و شکستە کارەساتبارەکەی بزاڤی چەکداری کوردستان، لە ئاداری ١٩٧٥، ڕووداوە یەکلاکەرەوەکەش ڕێکەوتنی جەزائیر بوو لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ، ٤٩ ساڵ بەر لە ئێستا. هەڵبەتە هەر ئەو بە هەڵەتێگەیشتنەش لە رۆڵی کیسنجەر یەکێکە لە هۆکارەکان بۆ ئەوەی بڵێین هێشتان نووسینەوەی مێژووی ئەو نسکۆیە پێویستی بە پێداچوونەوەی زانستییانە، وردتر و فرەلایەنتر هەیە.
بەشێکی زۆر لەو بۆچوونەی کە تا ئیستا لە ناو کورددا باوە ئەوەیە کە نسکۆی ١٩٧٥ بە هۆی "خیانەتی" ئەمریکا ڕوویدا. ئەمەش هۆکارێکی ترە بۆ ئەو بڕوایەی کە ئەو مێژووە هێشان پێویستی بە پێداچوونەوەی نوێ و جاوازتر هەیە.
لێکۆڵینەوەکە، کە لە لینکی خوارەوە دەستتان پێی ئەگات، تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کورد، بە تایبەتی لە ساڵانی نیوەی یەکەمی ١٩٧٠کاندا، کە تیایاندا کیسنجەر ئەندازیار و جێبەجێکاری ئەو پەیوەندییانە بووە، بەبێ ئەوەی بە زەروورەت وتبێتمان کە کیسنجەر ئەندازیاری ڕێکەوتنی جەزائیر بووە، بەڵکو وەک دواتر ڕووندەبێتەوە تەنانەت کیسنجەر ئاگاداری پلانی شای ئێران بۆ مۆرکردنی ریکەوتنی جەزائیریش نەبووە و تەنها ١٨ ڕۆژ بەر لە مۆرکردنی ئەو ڕێکەوتنە شا کیسنجەری ئاگادار کردۆتەوە کە ئەو بە نیازە سەفەری جەزائیر بکات و گریمانەی ئەوەش هەیە لەگەڵ عێراق ڕێک بکەوێت. دەرفەتە بڵێین کە ڕێکەوتنی جەزائیر، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کۆتایی بە پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا هێنا، یا هەرنەبێ ئەو پەیوەندییانەی بردە دۆخی "سڕبوون"ەوە.
پێویستە لێرەدا بوترێ لە لێکۆڵینەوەکەمدا، کە لە ڕووی تیورییەوە، چەند چەمکێک تیوری بەکاربراون کە گرنگترینییان، لە لایەک "شەڕی بە وەکالەت"ە، وە لە لایەکی تریشەوە دووانە تیورییەکەی "تێگەیشتن" و "بە هەڵە تێگەیشتن"ە. ئەم دووانەیە لە سەرەتادا دوو چەمکن لە بواری دەروونناسی، دواتر لە دەروونناسی سیاسییدا، وە دواتریش لە بواری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا بەکاربراون.




ململانێی عێراق و ئێران و ڕێکەوتنی ١١ی ئادار:
لە ساڵی ١٩٦٨ دۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی ناوچەی کەنداو، دوو گۆڕانکاری گرنگی بەخۆوە بینی. ئەم دوو ڕووداوە بە یەکەوە کاریگەرییان لەسەر ڕەهەندی جیو-سیاسی هەبوو، بە تایبەتی لەسەر هەڵوێست و بڕیاری ئێران لەمەڕ شێواز و ڕادەی هاوکاریکردنی جوڵانەوەی چەکداری کورد. هەڵبەتە لە بەرامبەریشدا ڕووداوەکان کاریگەرییان لەسەر شێوازی نزیکبوونەوەی ڕژێمی عێراق لە کێشەی کورد هەبوو: ڕووداوی یەکەم، بڕیاری بەریتانیا لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ ئەوەی بە تەواوەتی لە ناوچەی کەنداو بکشێتەوە، هەڵبەتە بە هەنگاوێکی ئەوهاش "بۆشاییەکی ئاسایشیی" لەو ناوچەیە دروست ئەبوو، کە دەرەنجام ئەم بۆشاییە پێویستی بە پڕکردنەوە دەبوو؛ ڕووداوی دووەم، حیزبی بەعس لە ڕێگای کودەتایەکەوە لە ١٧ی تەموزی هەمان ساڵ دەسەڵاتی لە عێراق گرتەدەست. ئەم ڕووداوە بووە هۆی نیگەرانی لای کورد، ئێران و ڕژێمەکانی ناوچەی کەنداو. هەڵبەتە کۆمەڵێک پرسی هاوبەش لە هەناوی نیگەرانییەکانی کورد و ئێراندا هەبوون.
لە ئاستی کوردیدا، ئەم دوو ڕووداوە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر پەیوەندییەکانی کورد و بەغداد و کورد و ئێران هەبوو. جگە لەوەش، کورد لە پانتایی سیاسەتی جیهانیدا، بە تایبەتی لە بەستێنی جەنگی سارددا، زۆر بە تایبەتیش کاردانەوەی ئەمریکا بەرامبەر بەم دوو ڕووداوە، پەیوەندیدار و کارتێکراو بوو. بەم شێوەیە، لە ساڵانی ١٩٦٩ تا ١٩٧٥ بە جوانی ئەم ئاستانە لە پەیوەندییە سیاسییەکان و کار و کاردانەوەدا دەرکەوتن وە تیایاندا مەسەلەی کورد لە عێراق جێگا و پێگەیەکی دیاری وەرگرت، هەڵبەتە بە باش و بە خەراپ.
هەر لەو ڕۆژەی کە حیزبی بەعس فەرمانڕەوایی لە عێراق بۆ دووەم جار گرتە دەست، هەر زوو ئەو ڕژێمە بە دروستی لە گرێ کوێرەی پەیوەندی ئێران و بزاڤی چەکداری کورد گەیشت. بەو واتایەش عێراق بەرەوڕووی دوو کێشە و ئاڵنگاری بووەوە، کە ئەوانیش وەک خوێن و گۆشت تێکەڵاوی یەکتر بوون: ڕژێمە نوێکەی عێراق، بە ئاسانی پەیوەندی ئۆرگانیکی و بەیەکەوە گرێدراویی لە نێوان ئەو دوو ئاڵنگارییەدا بینی، کە ئەوانیش لە لایەک ململانێ مێژوویی و جیو-ستراتیجییەکەی عێراق و ئێران بوو، وە لە لایەکی ترەوە کێشەی کورد بوو لە عێراق. دەرەنجام، ڕژێمی بەعس لەگەڵ دوو بژاردە بەرەوڕوو بوو: یا دەبێ ئەو ڕژێمە کێشەی کورد لە عێراق چارەسەر بکات بۆ ئەوەی ئێران لە بەکاربردن و سوودمەندبوون لە کارتی بزاڤی چەکداری کورد بێبەش بکات و بەم شێوەیەش کاریگەری و فشاری ئێران لەسەر عێراق نەهێڵێت، یا هەر نەبێ کەمی بکاتەوە؛ یا دەبێ ئەو ڕژێمە پێچەوانەکەی بکات، واتە بگات بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران لە پێناو تەفر و توناکردنی بزاڤی چەکداری کورد، یا هەرنەبێ کەمکردنەوەی کاریگەریی نێگەتیڤانەی ئەو جوڵانەوەیە.
دواجار ڕژێم بژاردەی یەکەمیانی لە١٩٧٠ لە ڕێگای ڕێکەوتنی ١١ی ئادارەوە تاقیکردەوە، بەڵام بژاردەی دووەمیانی لە ١٩٧٥دا لە ڕێگای ڕێکەوتنی جەزائیری (٦-٣-١٩٧٥)وە تاقیکردەوە.
کورد و شەڕی نێوان دوو "هاوپەیمانی":
هەر زوو، دوای بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، هێماکانی جێبەجێ نەبوونی ڕێکەوتنەکە و بارگرژی نێوان کورد و ڕژێمی بەغداد دەرکەوتن، بەڵام گۆڕانکاریی بنەڕەتی، لە هاوسەنگی هێز لە نێوان ڕژێمی عێراق و لایەنی کوردی،

لە بەهاری ١٩٧٢ بە شێوەیەکی جیدی پەیوەندی نێوان ڕژێم و کوردی گۆڕی: ئەم گۆڕانکارییە هەردوو لای هەنگاوێک لە ئاشتی دوورکردەوە و هەنگاوێکیش لە شەڕ نزیک کردەوە. یەکەم ڕووداوی گۆڕانکاری لەو هاوسەنگییەدا کاتێک دەستی پێکرد کە حکومەتی بەعس ڕێکەوتنی دۆستایەتی و هاوکاری، ناسراو بە "ڕێکەوتنی ستراتیجی"، لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا مۆرکرد. بە پێی ئەم ڕێکەوتنە، بڕیار بوو یەکێتی سۆڤیەت چەک و تەقەمەنی و شارەزایی سەربازیی بۆ عێراق فەراهەم بکات، لە بەرمابەریشدا یەکێتی سۆڤیەت بۆی هەبێت بەندەرەکانی ئەو وڵاتە، بۆ مەبەستی سەربازیی، بەکار بنات. جگە لەوەش هەر ئەم ڕێکەوتنە کاردانەوەی زۆری لە سەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی عێراق هەبوو، چوونکە ڕێکەوتنەکە ڕێگای خۆش کرد بۆ ئەوەی سۆڤیەت وا لە حیزبی شیوعی عێراق بکات لەگەڵ حیزبی بەعس بچێتە بەرە و حکومەتەوە. ئەمەش دیسانەوە دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆ ڕژێم و پێگەی ئەو ڕژێمەی بەرامبەر بە کورد بەهێزتر کرد.

بە هەر حاڵ، وەک کیسنجەر دەڵێت، هاوپەیمانی ستراتیژی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و عێراق وایکرد ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە، چونکە ڕەهەندێکی گرنگی ئەو هاوپەیمانییە پرچەککردنی عێراق بوو، کە ئەمەش ئاڵنگاری جیۆپۆلیتیکی بۆ ئەمریکا لێ ئەکەوتەوە. لە بەرامبەر ئەو ڕێکەوتنەی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت، لایەنی کوردیش، هەر لە ساڵی ١٩٧٢وە، توانی نەک هەر پشتگیری ئێران و ئیسرائیل، بەڵکو پشتیوانی ئەمریکاش بەدەست بهێنێ. بەڵام دەبێ ئەوەش جەخت بکەینەوە کە ئەم پشتیوانییەی ئەمریکا زیاتر لەسەر داواکاری و پێداگری شای ئێران بوو لە کاتی سەردانە مێژووییەکەی نیکسۆن و کیسینجەر بۆ تەهران بوو، لە ٣٠ و ٣١ی ئایاری ١٩٧٢. لەم کاتەدا نیکسۆن وەڵامێکی براوبڕی بۆ ئەو داواکارییەی شای ئێران پێنەبوو، بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر کەم دوای گەڕانەوەی بۆ واشنتن، نیکسۆن و کیسنجەر بڕیاری یەکلاکەرەوەیان دا: ئیتر ئەمریکا بە ڕەسمی، بەڵام بە ئۆپەراسیۆنێکی زۆر نهێنی، لە پشگیریکردنی کوردەوە گلا. ئا لێرەوە چیرۆکی ڕۆڵی کیسنجەر لەگەڵ کورددا دەست پێدەکات. هەڵبەتە پێویستە هەر زوو ئەوەش بڵێین کە بەدەستهێنانی پشتیوانی ئەمریکا یەکلاکەرەوە و گرنگ بوو بۆ بڕیاری دواتری کورد بۆ ئەوەی، لە بەهاری ١٩٧٤، بە "باوەڕ بەخۆبوونەوە" جارێکی دیکە، لەگەڵ حکومەتی بەعس، بچێتە شەڕەوە.

دۆسیەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کورد لە ماوەی بەهاری ١٩٧٢ تا بەهاری ١٩٧٥ بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن کیسنجەرەوە بەڕێوەدەبرا، لە ئاستی دامەزراوەییشدا تەنها سی ئای ئەی بەم دەسۆیەی ئەزانی و لە ڕووی کرداریشەوە، لە چوارچێوەی "ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان"دا، تەنها ئەم دامەزراوەیە "ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکەی" یارمەتی کوردانی ڕائەپەڕاند. دوای ڕێکەوتنە ستراتیجییەکەی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت لە ئەپریلی ١٩٧٢ لە لایەک، وە لە لایەکی ترەوە کاملبوونی "هاوپەیمانییە" چوارقۆڵییەکەی ئێران، ئەمریکا، ئیسرائیل و کورد لە سەرەتای هاوینی هەمان ساڵدا، "شەڕێکی سارد"، واتە شەڕی نێوان دوو "هاوپەیمانی" لەبەرامبەر یەکتردا دەستی پێکرد. هەر زووش ڕژێمی بەعس پەنجەی تۆمەتی بۆ ئەو چوار لایەنە راکێشا و بە ئاشکرا هەرسێ وڵاتی ئەمریکا، ئیسرائیل و ئیرانی بەوە گوناهبار کرد کە، دژی ئەو ڕژێمە، یارمەتی کوردەکان دەدەن. لەم چوارچێوەیەشدا، تا دەهات ئەم "شەڕی ساردە"، لە پرۆسەیەکی فرە ڕەهەنددا، بەرەو پێکدادانی گەرم و خوێناوی دەچوو. بەم واتایەش، شەڕی ڕاستەقینە، واتە شەڕ بە شێوازە سەربازییەکەی، لە بەهاری ١٩٧٤ دەستپێکرد، ئەگەرچی دوو ساڵ بوو شەڕ، لە شێوەی سیاسەت و دیپلۆماسیی بونیادنانی هاوپەیمانییدا، بە چڕی لەسەرپێ بوو.

ئایا ڕێکەوتنی جەزائیر ڕووداوێکی چاوەڕوانەکراو بوو؟

زۆر جار کە باسی ڕێکەوتنی جەزائیری نێوان عێراق و ئێران ئەکرێ، وا پیشان ئەدرێ وەک ئەوەی ئەم ڕێکەوتنە تەواو چاوەڕاننەکراو، کتوپڕ و بێ پێشینە بووبێت. بە هەر حاڵ جوڵانەوەی چەکداری لە کاتێکی زۆر کورتدا، لە ڕاستیدا لە ماوەی تەنها چەند ڕۆژێکدا، بە هۆی ئەم ڕێکەوتنەوە بە تەواوەتی "ئیفلیج" بوو؛ لە دۆخێکی ئەوهاشدا دوا بڕیار کۆتاییهێنان بە جوڵانەوەکە و هەرسهێنانی بە تەواوەتیی بوو.

بەڵام ئایا بە ڕاستی ئەوەی ڕوویدا ئەوها کتوپڕ بوو، یا ئەوە بێئاگایی و غافلگیری ڕابەرانی جوڵانەوە چەکدارییەکە بوو، بە تایبەتی مەلا مستەفا، کە ڕووداوەکەی کرد بە ڕووداوێکی کتوپڕ؟ لە لێکۆڵینەوەکەمدا هەوڵم داوە بە فراوانی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە. بە هەر حاڵ، لێرەدا زۆر بە کورتی باس لە چەند پەیام و هێمای زۆر گرنگ ئەکەم، کە ئەوە بە ڕوونی پێشان دەدەن کە لایەنی کوردی زۆر زووتر لە ڕێکەوتنی جەزائیر ڕاستەوخۆ، لەم ڕێکەوتنە پشتشکێنە، ئاگادار کراوەتەوە و هۆشداری پێدراوە، بەڵام ئەوە بێئاگایی، بە پێی هەندێ سەرچاوەش غروری، ئەو ڕابەرایەتییە بە تایبەتی هی مەلا مستەفا، وایکردوە ئەو هۆشدارییانە بە هەند وەرنەگیرێن. لە ڕاستیدا، هاوکات و هاوتەریب لەگەڵ هەوڵەکان بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران ڕابەرانی کورد، بە هێما بێت یا بە نامەی ڕاستەوخۆ بە تایبەتی بۆ مەلا مستەفا، لە ئەگەر و ئاکامەکانی ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران ئاگادار کراونەتەوە. یەکێک لە گرنگترین هەوڵەکانی ئاگادارکردنەوەی مەلا مستەفا و ڕابەرانی جوڵانەوە چەکدارییەکە ئەوە بوو کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٣، واتە دوو ساڵ بەر لە نسکۆی ئاداری ١٩٧٥، سەدام حوسەین، کە ئەو کاتە بە ئەندازیاری ڕێکەوتنی ١١ی ئادار ناسرابوو، لە "نامەیەکی نهێنی، زۆر گرنگ و تایبەتیدا" مەلا مستەفای لە ئاکامی کاریسەئامێزی ڕێکنەکەوتن لەگەڵ ڕژێمی بەغداد ئاگادار کردۆتەوە. لەو نامەیەدا سەدام حوسەین، بەو پەڕی ڕاشکاوییەوە، بە مەلا مستەفا دەڵێت "نابێ هەڵوێستی کورد ناچارمان بکات کە لە شەتولعەرەب و هەندێ شوێنی دیکەی عێراق سازش بۆ ئێران بکەین، بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا ئێران کۆتایی، بە یارمەتییەکانی بۆ کورد، بهێنێ". بەڵام لە بەرامبەردا مەلا مستەفا بێباک بوو ڕوو لەو هۆشدارییە گرنگە، تەنانەت وەڵامی نامەکەشی نەداوەتەوە. لە ڕاستیدا، ئەکرێ بە ئاسانی بڵێین کە نامەکە ڕێک ئاگادارکردنەوەی مەلا مستەفا بووە لەوەی کە "ئاگادار بە" سیناریۆی ڕێکەوتنی عێراق و ئێران بەڕێوەیە، کە دواجار جەزائیر بوو بە مەیدانی جێبەجێکردنی سیناریۆکە.

هەر لە ئاراستەی هۆشداریدان بە ڕابەرانی جوڵانەوەکە، زۆر بە تایبەتی بە مەلا مستەفا، لە یەکێک لە دوا دیدارەکانی لەگەڵ ڕابەرانی کورد، تەنها سێ ڕۆژ پێش کۆتاییهاتنی ماوەی چوار ساڵی ڕاگوزەر بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی ١١ی ئادار، سەدام حوسەین بە تایبەتی بە ئیدریس بارزانی دەڵێ "ناچارمان مەکەن تەنازول بۆ شای ئێران بکەین. ئەگەر مەترسییەک بەسەر قەوارەی عێراقدا بێت، ئەوا بۆ لادانی ئەو مەترسییە تەنازول لە شەتلعەرەب دەکەین، کە ئەمە برینێکی قوڵ دەکاتە دڵمان و ئێوە ئەنجامەکانی لە ئەستۆ دەگرن و بەرپرسیارەتی لەسەر ئێوە دەبێ، لە کۆتاییشدا هەر ئێوە نرخێکی ]باجێکی[ گران دەدەن". ئەم پەیامەی سەدام حوسەین لێکدانەوەی زۆر هەڵناگرێ: ئەمە پێشوەخت، ڕێکەوتنی جەزائیرە!

جگە لەم هۆشدارییانەش، ژمارەیەکی زۆر لە هەوڵ و جوڵەی دیپلۆماسیی، بۆ گەیشتنی عێراق و ئێران بە ڕێکەوتن، چڕبوونەوە. لەم ڕووەشەوە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە ٣٤٨، هەر لە ئایاری ١٩٧٤، هێمایەکی زۆر گرنگ بوو بۆ ئەوەی کە دواجار شەڕەکە هەر ئەبێ بە ڕێکەوتنی عێراق و ئێران کۆتایی بێت. بەڵام لەولاشەوە، دیسان ئەم هێمایە گرنگەش، وەک و زۆرێک لە هێما و هۆشدارییەکانی تر، لە لایەن ڕابەرایەتی جوڵانەوەکەوە بە هەند وەرنەگیراوە. (درێژەی قسەکردن دەربارەی ئەم بڕیارە گرنگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لێکۆڵینەکەدایە، ل. ٥٩-٦٠).

دەرەنجام، نەتوانست لە خوێندنەوەی ڕووداوەکان، بە هەڵەتێگەیشتن لە کۆی پەیوەندی و چالاکییەکان و نائاگایی لە پێدراو و ڕووداوە هەرە گرنگەکانی هاوکێشە ئیقلیمی و جیهانییەکان، کە لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتاوە خەسڵەتێکی بونیادیی جوڵانەوەکە بوون، هۆکارگەلی شکست و کارەساتن. لەم ڕووەشەوە، بەرپرسیاریی مەلا مستەفا وەک ڕابەری یەکەم و بێ ڕکابەری جوڵانەوەکە، لە شکست و هەرەسهێنانی بێوێنەی جوڵانەوەی چەکداری، سەرەکی و بێهاوتایە. باسکردنیش لە "خیانەتی" ئەمریکا لە کورد،

هەر وەک مەلا مستەفا جەختی لەو جۆرە لە گوناهبارکردن کردۆتەوە، پارمەتیدەر نییە لە تێگەیشتنی هاوکێشە و ڕووداوەکان، بەڵکو ئەکرێ "گوناهبارکردنی ئەمریکا بە خیانەتکردن لە کورد"، لە باشترین حاڵەتدا، خۆدزینەوە بێت لە بەرپرسیاریی و شێوازێکیش بێت لە ئەستۆپاکی رابەرایەتی جولانەوەکە، بە تایبەتیش هی مەلا مستەفا، وەک کەسی یەکەم و بێ رکابەری ئەو رابەرایەتییە!

کێشە سەرەکییەکەی جولانەوە چەکدارییەکە!:

کێشە سەرەکییەکەی جولانەوەی چەکداری هەر لە سەرەتای ١٩٦٠کان تا شکستە کەمەرشکێنەکەی لە ئاداری ١٩٧٥، ئەوە بوو کە ئەم جولانەوەیە لە هەناوی خۆیدا هەڵگری ناکۆکی و دژایەتییەکی زۆر گەورە بوو، کە دواجار ئەم ناکۆکی و دژایەتییەیە کە کێشە بونیادییەکەی جولانەوەکە بوو، واتە ناکۆکی لە کرۆکیهێز و توانا و تەنانەت تەواوی پێشمەرجەکانی بوونی جولانەوەکەدا هەبوو کە ئیتر وایکردبوو ئەم جولانەوەیە لە لایەکەوە خەسڵەتی بزاڤی رزگاریخوازی وەرگرێ، لە لایەکی تریشەوە سیفەتی شەڕی بە وەکالەت وەرگرێ: لە رووی ناوەڕۆک و ماهیەتدا، ئەم جولانەوەیە رەوایەتی بوونی خۆی لە دۆزی رەوای گەلێکی ژێر دەستە و ستەملێکراو وەردەگرت، توانستەکەشی لە ئەوانە وەردەگرت کە گیان لەسەر دەست ئامادە بوون بە بەنرخترین شت، واتە بە ژیانیان، قوربانی بۆ ئەم دۆزە بدەن: ئەوانە وزە و توانای راستەقینەی جولانەوەکە بوون. لە بەرامبەردا، لە رووی دەرەوەیدا، جولانەوەکە تەواوی هێز و تواناکانی لە هاوپەیمانییەکی "گوماناوی و ناپیرۆز" وەردەگرت، کە لە کرۆکی پەیوەندی و "هاوپەیمانییەکەدا" وڵاتێکی داگیرکاری کوردستان، واتە ئێران، ئەندازیار و داینەمۆی هاوپەیمانییەکە بوو. بە زمانێکی روونتر بڵێین، بەشێکی گرنگ لە تراجیدیاکە ئەوە بوو کە جولانەوە چەکدارییەکەی کورد، لە هاوکێشە ئیقلیمییەکەدا، بە ئاگا یان بێئاگا، شەڕێکی بە وەکالەتی بۆ هەندێ ئامانجی سنووورداری ئێران ئەکرد، جولانەوەکە بارمتەی دەستی ئەو وڵاتە بوو. دەرەنجام، ئەم سروشت و ماهیەتە ناکۆک و پڕ لە دژایەتییەی جولانەوەکە، بنەما و هۆکاری هەرە گرنگ و سەرەکی بوو لە هەرەسهێنان و شکستی جولانەوەکە: لە کاتێکدا لە رووی ناوەوەی جولانەوەکە، تەنانەت لە چرکەساتی شکستەکەشدا، دۆزە رەواکە هەر زیندوو بوو و روحی قوربانیدانی دەیان هەزار پێشمەرگە و لە پشتیشیانەوە گەلێکی ئامادە بۆ قوربانیدانی زیاتر هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لە رووی دەرەوەی جولانەوەکە، زەرورەتی هاوپەیمانییە گوماناوییەکە کۆتایی هاتبوو، بە واتای ئەوەی زەرورەتی بەردەوامیی شەڕی بە وەکالەت بە کۆتایی گەیشتبوو، ئیتر دەرەنجام جولانەوەکەش، تا ئەو جێگایەی خۆی وەک "بزاڤێکی رزگاریخوازی" دەناساند، بە کۆتایی کارەساتباری خۆی گەیشت.

**سایتی زەمەن**



## تەزیم لە ژێر بارینی شەختەی غەریبیدا

**بەختیار نامیق**



تەزیم لە ژێر بارینی شەختەی غەریبیدا
بمبەنەوە بۆ نیشتمان
با کەمێک گەرمم ببێتەوە
بە ژیان بڵێن لە وێستگەی
گوندە خاپورکراوەکە دابەزین هەیە
تا کەمێک لە سەرگوزشتەکانی خۆڵ بخوێنمەوە
با بزانم قوڕ چ تەفسیرێکی هەیە بۆ مەنفا
دامبەزێنن
چیتر من سەر بەم بەستەڵەکانە نیم
منێک بەیانیان بە هەڵمی ئاوی گوند
شیعری تەڕم دەنوسی
بە خەتی لارولەوێری شەپۆلەکان
لەسەر دیواری کەلاوەکان دەمنوسی:
چەند جوانە نیشتمانی ئاویی من
من سەر بەم ئاشوبی ڕۆبۆرتانە نیم
منێک بەیانیان لەسەرەی نانی گەرمدا
وێنەی دەیان پێغەمبەرم بە هەڵمی نان دەکێشا
دەیان ئایەتی گولاویم لە (لەبادێک)دا دەدۆزیەوە
بمخەنە خوارەوە
با بە خۆم و پەڕەشوتەکەمەوە
بکەومە ناو ڕوبارێک
کەنارەکانی پڕبێت لەبۆنی پونگە و هێلکەی کوڵەفرە
پڕ ببم لە دەنگی قاز و قوڵن
من سەر بەم هۆزانە نیم
دزەکان هاتن نیشتمانیان لە ژێر پێم دەرهێنا
بە زۆر باڵیان لێڕواندم
سەفەریان پێ کردم بۆ سەرزەمینە دورەکان
نامۆم بەم ئایەتانە
من سەر بە ئایەتی گۆیژ و بەڵاڵوکی عەیارم
هاوڕێی کڵاوی بەڕو و چاوی ڕەشی ترێم
جاجمێکم خەتم کردوە
لەسەر بەردەنوێژی کەنار ، کانی گوند
گڵاوییم لە مێژوو دەرکردوە
من نامۆم بە یادەوەری ئێوە
بڵێم چی سەیری بورجی (ئیڤڵ) دەکەم
چاو بۆ کەڵەشێری گوند دەگێڕم
لە پەنجەرەی تەلارەکانی (مارین بیلاتز) چاو بۆ
شیرینێک دەگێڕم ، تەشی ڕێس بێت
لە شەقامەکانی (دامراک) چاو بۆ
ئاسکەکانی کانی ئاسکان دەگێڕم
بە (بیکادیلی )دا تێدەپەڕم چاو بۆ
قەرەچەکانی قەرەج ئاوا دەگێڕم
من سەر بە نەوەی سێبەری نیشتمانم
کە ڕاویاننام بۆ ئێرە
لە شەقامی (لاسفیگاس)دا
بۆ عەرەبانەی قاورمە دەگەڕام
دەمەوێ ئێوارانی(کارلساد)
بکەم بە کولێرە بە ڕۆنی گوندێک
لەوەتەی لێرەم سەرمامە
لەوەتەی لێرەم تینوم
لەوەتەی لێرەم برسیمە
هیچ شەوێک تێر نەخەوتوم.


# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان محەمەد عارف

## ئامادەکردنی بەختیار سعید



- 1937 لە رەواندز لەدایکبووە.
- 1956 پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواوکردووە.
- 1967 ماجیستێری بەپلەی ئیمتیاز لەهونەری نیگارکێشان لەروسیا وەرگرتووە.
- 1961- 1967 سێ پیشانگەی تایبەتی لە روسیا کردۆتەوە.
- 1971 چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی (مۆزەخانەی هونەری هونەری هاودەمی نەتەوایەتی)ی شاری بەغدا.
- 1976 پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی بەناوی (رازی نیشتمان) لە هۆڵی (کۆمەڵەی ڕۆشنبیرانی کورد) لە شاری بەغدا.
- 1977 شەشەمین پیشانگەی تایبەتی لە شاری هەولێر.
- 1979 حەوتەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی مۆزەخانەی هونەری نەتەوایەتی هاودەم لەبەغدا.
- 1981 هەشتەمین پیشانگەی تایبەت بەناوی (ئیمپرێشینەکانم دەربارەی جیهان) لەهۆڵی (الرواق)ی شاری بەغدا.
- 1984 نۆیەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی (مۆزەخانەی نەتەوایەتی هاودەم)ی شاری بەغدا.
- 1989 دەیەمین پیشانگەی تایبەتی بەناوی (سیمفۆنییەی چیاکان) لەهۆڵی (الرواق)ی شاری بەغدا.
- 1993 یانزەمین پیشانگەی تایبەتی بەناوی (سیمفۆنیای هونەر) هۆڵی (میدیا)ی شاری هەولێر.
- 1998 دوانزەمین پیشانگەی تایبەتی بەناوی (عاشقی کوردستان) لە هۆڵی (میدیا)ی شاری هەولێر.
- 1999 سیانزەمین پیشانگەی تایبەتی بەناوی (کوردستانی من) هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
-2001 چواردەهەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی (مۆزەخانەی نەتەوایەتی بەغدا ).
- 1956تا 2007 بەشداری زۆربەی پیشانگە هاوبەشکانی کردووە لە (هەولێر، سلێمانی، کەرکوك، بەغدا، کوەیت، قەتەر، بەحرین، لوبنان، جەزائیر، سوریا، مەغریب، تونس، ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا، ئێران).
- 1982- 2007 هەژدە کتێبی بەچاپ گەیاندووەو چەند دەستنووسێکی ئامادەیە بۆ چاپ.
-2001 خەڵاتی دەوڵەت بۆ داهێنانی هونەری وەرگرتووە.
- 2004 دکتۆرای لە فەلسەفەی هونەر بە پلەی نایاب لەزانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە.
- دامەزرێنەری کۆلیژی هونەرەجوانەکانی شاری هەولێرە.
- 2007 ڕگری کۆلیژی هونەرەجوانەکانە لەزانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر بوو.
- 9-10-2009 لەشاری هەولێر ماڵئاوایی کردووە.










Мохаммед Ариф. Мир в стране.











# ١٠ی مارس ڕۆژی جلی کوردی

جلی کوردی هێمای ڕەسەنایەتی کەلتوری کوردیە
لە هەرێمی کوردستان ڕۆژی ١٠ی مارس وەك ڕۆژی جلی کوردی ناودێر کراوە و ئەو ڕۆژە لە زۆربەی خوێندنگا و کۆلێژ و دامودەزگا حکوومی و تایبەتییەکان جلی کوردی لەبەر دەکرێت.

لە چەندین ساڵ پێش، بە پێشنیاری ئەویندارانی کەلتووری کوردی و چالاکانی کۆمەڵایەتی، بۆ ڕێز گرتن لە داب و نەریت باو و باپیرانمان و بەرز ڕاگرتنی کەلتووری ڕەسەنی کوردی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ١٠ی مارسی وەکو ڕۆژی جلی نەتەوەیی یان جلی کوردی دەستنیشان کرد.

لەم ڕۆژەدا، هەموو دام و دەزگاکانی حکوومەت، قوتابخانە و زانکۆکان و تەنانەت خەڵکی ئاسایی ڕێوڕەسمی تایبەت بۆ بەرز نرخاندنی ئەم ڕۆژە بەڕێودەبەن.

کارمەندان بە جلی کوردی لە شوێنی دەوامیان ئامادە دەبن و قوتباخانە و زانکۆکانیش بۆ خوێندکارانیان سەیران لە سرۆشتی کوردستان ڕێک دەخەن و خەڵکی ئاساییش بە پۆشینی جلی ڕازاوەی کوردی سەردانی ئازیزانیان دەکەن.

جلی کوردی لەڕووی شێواز و پۆشینەوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری کوردستان جیاوازە. لە پەیدابوونی کەلتوری جلوبەرگی کوردی تا ئێستا گۆڕانکاری بەسەر شێوەکەی هاتووە بەڵام مۆرکی نەتەوەیی پاراستووە و توانیویەتی تا ئەمڕۆ بەزیندوویی لەنێو کوردان بمێنێتەوە.

لەگەڵ نزیک بوونەوەی وەرزی بەهاردا هەموان حەزدەکەن  پۆشاکی کوردی بپۆشن  ئەگەر ووردبینەوە  لەبازاڕەکانی کوردستان دەبینین تەواوی بازار بەپۆشاکی ڕەنگاو ڕەنگی کوردی داپۆشراوە  گۆڕانکاری تێداکراوە هەرچەندە باروودۆخی کوردستان زۆر لەبارنیە بەقەیرانی ئابووریدا تێ دەپەڕێت بەڵام دووکاندارەکان  ڕەچاوی بارو دۆخی مووچەخۆرانوو هاوڵاتیانیان کردوە بۆیە داشکاندنیان کردووە بۆ ئەوەی  تەواوی چینەکان لەکڕینی بێبەش نەبن  چونکە پۆشاکی کوردی مۆرکی نەتەوەی کوردە هەرنەتەوەیەکیش خاوەنی پۆشاکی  تایبەتی خۆیەتی  مێژووی پۆشاکی کوردی مێژوویەکی زۆر کۆنە لەکوردستاندا ساڵانە لە ١٠ی ئازاردا بۆڕێزگرتن  لەپۆشاکی کوردی هەموان پۆشاکی کودی دەپۆشن  لەهەر شوێنێکی کوردستان بن  سەنتەری ماد یەکێکە لەو شوێنانەی کەساڵانە لەڕۆژی ١٠ی ئازاردا تەواوی کارمەندەکانی بەپۆشاکی کوردیەوە  کارەکانیان دەکەن ....



بەدروشمی بەهارو نێرگزوو کاوە مژدەی نەورۆزیان هێناوە  کۆمەڵەی کەلەپووری کورد  لەگردی مامەیارە ئاهەنگی نەورۆزیان کردەوە بەئامادەبونی هاولاتیان هەرچەندە کەشو هەوا باراناوی بوو  بەڵا م نەبوە ڕێگری لە بەردەم ئەنجام نەدانی  یاد کردنەوەی نەورۆزی کوردان کۆمەڵە کەلەپووری کورد وەک ئەرکی خۆی هەموو ساڵێک لەگردی مامەیارە بەچالاکی جۆراو جۆر یادی نەورۆز پیرۆز دەکات  بۆیە ئەم ساڵییش توانرا بەسەرکەوتوانە یادەکە بکرێتەوە بارانو نەورۆز ئاوێتەی یەک بوون .

**هاژە بەرزنجی**







بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری
گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی
(مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ،
یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.
سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح
(سەرکەوتی جیهاز)
دەستەی نوسەران
ڕەووف محەمەد ئالانی
بەختیار شارەزوری
https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان




sharazwri@gmail.com
009647701961087
Raufalanny3018@gmail.com
009647701553018
sarkawt_47@hotmail.com
0031615852703